خاتوو میارز گوتی: «لە نەخۆشخانە سەرێکت لێ دەدەم. هەندێ شت بۆ کوڕەکانم دێنم. ئێوە هەمووتان ڕۆڵەی منن، هەمووتان جەرگی منن.»

– «ئەوانیش بەدیتنت دڵخۆش دەبن.»

– «ئەوان ڕۆڵەی ئازیزی منن، تۆش یەکێکی لە کوڕەکانم.»

– گوتم: «دەبێ بگەڕێمەوە نەخۆشخانە.»

– «سڵاوم بەڕۆڵەکانم بگەیێنە، دەبێ زۆر شتتان بۆ بێنم، هەندێ (مارسیلیا) و کێکی نایابم بۆ داناون.»

– «خواحافیز بەدیتنت دڵشاد دەبین.»

گوتی: «خواحافیز. وەرە (گالیریا)، خوانی من پێدەزانی، ئێمە هەموو پاش نیوەڕۆیێ لەوێ دادەنیشین.»

هاتمە سەر ڕێگاکە، ویستم هەندێ شت لە کۆڤا بکڕم تا بۆ کاترینی ببەم. لە ژوورەوەی کۆڤادا قوتوویێ چوکلاتم کڕی، لەو کاتەی کچەکە خەریکی پێچانی قوتووەکە بوو بەرەو لای مەیخانە کشام. دوو بەریتانی و چەند فڕۆکەوانێ لەوێ بوون، تەنیا پێکی (مارتینی)م خواردەوە، پارەکەیم دا، چوکلاتەکەم لەسەر کاونتەر هەڵگرت و ڕێگەی خۆم گرتە بەر، بەرەو ژوورەکەی نەخۆشخانە ڕۆیشتم. لە دەرەوەی مەیخانۆکەیەکی سەر شەقامەکەوە، لە سەرووی (سکالاوە) هەندێ کەس دانیشتبوون. ناسیانم یەکێکیان جێگری شابەندەربوو، دووی تر هونەرمەند بوون دەرسی هونەری گۆرانی گوتنیان دەخوێند و (ئیتۆر مۆرتی)یان لەگەڵابوو. کابرایەکی ئیتاڵی بوو لە (سان فرانسیسکۆ) دادەنیشت و لە سوپای ئیتاڵی بوو. لەگەڵیانم خواردەوە یەکێ لە گۆرانیبێژەکان ناوی (ڕالف سیمۆنز) بوو، نازناوی هونەری (ئێرنیکۆ دیل کریدوی) بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، نەم دەزانی کە خۆشی دەیگوت یان نەء. بەڵام بەسۆزێکی وا بەجۆشەوە گۆرانی دەگوت، دەتگوت ئێستا نا ئێستا شتێکی گرینگ ڕوودەدات. سیمۆنز کابرایەکی قەڵەو بوو، وا پێدەچوو دەم و لووتی نەخۆشی تاپەڵەی گرتبێ لە (بانێسترا) لە گۆرانی گوتن گەڕابووەوە گۆرانی (تۆسکای) گوتبوو، لە گوتنیدا زۆر سەرکەوتووانە بووبوو. گوتی: «هەڵبەت، گوێت لێ نەبووە گۆرانی بڵێم؟»

– «کەی لێرە گۆرانی دەڵێی؟»

– «پایزێ، لە سکالا شتێ پێشکەش دەکەم.»

ئیتۆر گوتی: «گرەو دەکەم ئەسکەملت تێدەگرن. بۆیان نەگێڕایەوە لە (مۆدینا) چۆن ئەسکەملیان تێ گرتبوو؟.»

– «ئەمە بوختانە.»

ئیتۆر گوتی: «ئەسکەملیان تێگرت. خۆم لەوێ بووم. من بەدەستی خۆم شەشم تێگرتووە.»

– «تۆ ئیتاڵییەکی فرسکویی. ئیتاڵییەکی باش نییە. ڕووی لە هەر کوێ بکا ئەسکەملێی تێدەگرن.»

چاوەشەکەی تر گوتی: «پیاسێنزا پیسترین جێگا باکووری ئیتاڵیایە. بڕوام پێ بکە. جێگایەکی بچووکی پیسە بۆ گۆرانی گوتن ناشێ.» ئەم گۆرانیبێژە ناوی (ئیگار ساوندر) بوو بەنازناوی هونەری (ئیدواردۆ گیوڤانی) گۆرانی دەگوت.

ئیتۆر گوتی: «خوا وا بکا لەوێ بم، تا بەچاوی خۆم بیبینم چۆن ئەسکەملت تێدەگرن. ناتوانی بەئیتاڵی گۆرانی بڵێی.»

ئیدگار ساوندەر گوتی: «گەلحۆیە، هەر ئەوەندە دەزانێ. بڵێ ئەسکەملم تێدەگرن.»

ئیتۆر گوتی: «کە هەردووکتان پێکەوە گۆرانی دەڵێن، هەر ئەوەندەتان پێدەکرێ. پاشان کە گەڕانەوە ئەمریکا دەبێ سەرکەوتنەکانتانیان لە (سکالا) بۆ بگێڕنەوە. ڕێگەتان نادەن گۆرانی یەکەمتان تەواو بکەن.» سیمۆنز گوتی: «لە تشرینی یەکەم، لە سکالا گۆرانی (تۆسکا) دەڵێم.»

ئیتۆر بەجێگری باڵیۆزی گوت:

– «ئێمە دەچین، وانییە؟ پێویستیان بەهەندێ کەسە پارێزگاریان بکەن.»

جێگری باڵیۆز گوتی:

– «لەوانەیە سوپای ئەمریکی لەوێ بێ تا پارێزگاریان بکەن. چی تر دەخۆیەوە، سیمۆنز؟ ساوندەر، دەخۆیتەوە؟.»

ساوندروز گوتی: «بۆ ناخۆمەوە.»

ئیتۆر پێی گوتم: «بیستوومە مەدالیای زیوی وەردەگری. جا بۆ خۆت چ ڕێزێکت دەبێ؟»

– «نەمزانیوە، نەمزانیوە مەدالیا وەردەگرم.»

– «مەدالیا بۆ خۆت وەردەگری گەنجۆ. جا کچانی کوڤا لەو باوەڕەدا دەبن کە تۆ پیاوێکی کۆکی. لەو باوەڕەدا دەبن کە تۆ دوو سەت نەمساویت کوشتووە، سەنگەرێکت بەتەواوی داگیرکردووە. باوەڕ بکە دەبێ منیش بۆ مەدالیاکانم هەوڵ بدەم.»

جێگری باڵیۆز لێی پرسی: «ئیتۆر ئەی تۆ چەند مەدالیات وەرگرتووە. ئەو ئەو کوڕەیە کە ئەوان ئەم شەڕە لە پێناوی ئەودا دەگێڕن.»

ئیتۆر گوتی: «دوو مەدالیای برۆنزی و سێ زیویم وەرگرتووە. بەڵام تەنیا کاغەزی یەکێکیانم بەدەست گەیشتووە.» سیمۆنز پرسی: «ئەی ئەوانی تر چیان بەسەر هاتووە؟» ئیتۆر گوتی: «ئیشەکە سەرکەوتوو نەبوو. هەر کاتێ ئیشەکە سەرکەوتوو نەبێ مەدالیاکان دەگێڕنەوە.»

– «چەند جار بریندار بووی، ئیتۆر؟»

– «سێ جار بەسەختی. ئەوەتا سێ مۆری برینداریم پێوەیە دەبینی؟.»

باسکی خۆی هەڵکرد هەر سێ مۆرەکە لەگەڵ هێڵە زیوەکانی سەر بەرگە ڕەشەکەی تەریب بوون ک بەنزیکی هەشت گرێ لە خوار شانییەوە بوو. ئیتۆر پێی گوتم: «تۆش یەکێکت پێوەیە. بروام پێ بکە گەر سێ مۆرت پێوە بێ مانای وایە شتێکت دەستکەوتووە. تۆ تەنیا یەک مۆرت پێوەیە، یەک جار برینداربووی، بەسایەی ئەوەوە سێ مانگ لە نەخۆشخانە لێت پاڵدایەوە.»

جێگری باڵیۆز پرسی: «ئیتۆر کێندەرت بریندار بووە؟.»

ئیتۆر باسکی خۆی هەڵکرد. قەتماغەیەکی سووری لەسەر قۆڵی نیشان دا. گوتی: «ئێرەم، قاچیشم لێرەوە، ناتوانم ئەوەی قاچمت نیشان بدەم چونکە بەلەک پێچم لێ پێچاوە. هەروەها ئێسکێکی مردووی بۆگەنیش لە پێم دایە. هەموو بەیانییەک پرووسکی بچووکی لێ دەردێنم و بەردەوام بۆنی بۆگەنە.»

سیمۆنز: «بەچی بریندار بووی؟.»

– «بەنارنجۆکی دەستی. یەکێک لە پەتاتە وردوخاشکەرەکان بەشێکی تەواوی لە قاچم پەڕاند.» ڕووی خۆی لەمن کرد «خۆ دەزانیت ئەو پەتاتە وردوخاشکەرانە چین؟.»

– «بەڵێ، دەزانم.»

ئیتۆر گوتی: «کوڕی ئەو سۆزانیانەم بینی کە تێی دەگرتین، بەئەرزی دادام. وام زانی مردووم و یەکسەر گیانم دەرچووە. بەڵام ئەم پەتاتە وردوخاشکەرە نەفرەت لێکراوە هیچی تیا نەبوو، منیش کوڕی دەڵەسەگم دایە بەر ئاگری تفەنگەکەم. قەت بێ تفەنگ نیم. تفەنگ لەگەڵ خۆم هەر هەڵدەگرم تا نەزانن ئەفسەرم.»

سیمۆنز پرسی: «باشە ئەو چی بەسەر هات؟.»

– «ئەو تەنیا ئەو نارنجۆکەی هەبوو، بەڵام نازانم بۆچی هاویشتی؟ لەو باوەڕەم کە مەڕەقی بووە نارنجۆکێ بهاوێ. لەوانەیە هیچ شەڕێکی ڕاستەقینەی نەدیتبێ، منیش نەمکردە نامەردی زۆر بەچاکی دەمودەست ئاگربارانم کرد.»

سیمۆنز: «کە ئاگر بارانت کرد چی بەسەرهات؟»

ئیتۆر گوتی: «خۆزیا چاوی دەرهاتبێ و ملی شکابێ. جا من چزوانم. هەر ئەوەندە دەزانم گوللەکانم ئاڕاستەی زگی کرد. نەوێرام نیشانە لەسەری بگرم چونکە لەوە دەترسام نیشانەکە نەپێکێنم.»

– «ئیتۆر چەند دەبێ بووی بەئەفسەر؟»

– «دوو ساڵە. دەبم بەکاپتن. تۆ چەند ساڵە لیونانتی؟»

– «بۆ سێ ساڵ دەچێ.»

– «تۆ نابی بەکاپتن، چونکە ئیتاڵی بەچاکی نازانی. دەزانی قسە بکەی بەڵام ناتوانی بەچاکی بخوێنیتەوە و بنووسی. دەبێ ڕۆشنبیرییەکی چاکت هەبێ تاکو ببی

بەکاپتن. بۆچی نەچوویتە ڕیزی سوپای ئەمریکی؟»

– «لەوانەیە بچم.»

– «ئەی خوایە چەند بەپەرۆشی ئەوەم، لاوۆ، مانگانەی کاپتن چەندە، ماک؟»

– «بەتەواوی نازانم. بەڵام لەو باوەڕەم دەگاتە نزیکەی دووسەد و پەنجا دۆلاری.»

– «ئەی مەسیح چ لەو دووسەد و پەنجا دۆلارە بکەم! واچاکە زۆر بەپەلە خۆت بگەیەنیتە سوپای ئەمریکی، فرێد، بزانە ناتوانی کارێکی وا بکەی منیش ببەیتە ڕیزی ئەوانەوە.»

– «زۆر چاکە.»

– «من دەتوانم بەئیتاڵی فەرمان بەکۆمەڵێ بکەم. دەتوانم ئەوەش بەئاسانی بەئینگلیزی فێربم.»

سیمۆنز گوتی: «دەشبیت بەجەنەراڵ.»

– «نەخێر، چونکە بای بوون بەجەنەراڵ نازانم، جەنەراڵ دەبێ زۆر شت بزانێ. ئێوە سەیرن وا دەزانن شەڕ گاڵتەیە. ئێوە بای ئەوەندەش هۆشتان نییە بکرێن بە باشچاوشی پلەی دوو.»

سیمۆنز گوتی: «سوپاس بۆ خوا نەبووم بەکاپتن.»

– «دەشێ ڕۆژێ بێ پێویستت پێی بێ، گەر ئێوەی تەوەزەلیان هەموو ڕاپێچدا. گوهـ! گەنجینە چەند حەز دەکەم هەردووکتان لە پەلی من بووانە. هەروەها تۆش (ماک). دەزانی دەمکردی بەهاوەڵی خۆم (ماک).»

ماک گوتی: «تۆ مرۆڤێکی مەزنی، ئیتۆر، بەڵام لەوە دەترسم تۆ گیانێکی سەربازیت تیابێ.»

– «بەر لەوەی شەڕ کۆتایی بێ دەبم بەکۆلۆنێل.»

– «گەر نەتکوژن.»

– «نامکوژن.»

ئەو پەنجەی دۆشاومژەی بەسەر ئەستێرەکانی سەر یەخەی خۆی داهێنا؛ گوتی:

«دەبینی چی دەکەم؟ کاتێ یەکێ لە گۆڕەپانی جەنگدا ناوی کوژران بێنێت دەست لە ئەستێرەکانی سەر شانمان دەدەین.»

ساوندەرز هەستایە سەرپێ و گوتی: «با بڕۆین سیم.»

– «باشە.»

گوتم: «خوا حافیز. منیش دەبێ بڕۆم.»

بەگوێرەی کاتژمێری مەیخانەکە شەشی چارەگێ کەم بوو.

– «چاوو- ئیتۆر.»

ئیتۆر: «چاو، فرێد. دڵخۆشم بەوەی مەدالیای زیوی وەردەگری.»

– «جا نازانم وەردەگرم یان نا.»

– «بێ گومان وەردەگری، فرێد، گوێم لێ بووە وەریدەگری.»

– گوتم: «باشە، خواحافیز. ئیتۆر خۆت لە گێچەڵ بپارێزە.»

– «خەمی منت نەبێ. من ناخۆمەوە. وەک سەگی پێ خواسیش ناسوورێمەوە و ئارەقخۆر نیم و مێبازیش نیم. خۆم دەزانم چی بۆ من باشە.»

گوتم: «خوا حافیز، پێ خۆشحاڵم بەوەی دەبی بەکاپتن.»

– «چاوەڕێی ئەم پایە پێدانە نیم. مافی خۆمە لە پاداشتی ئەم شەڕە ببم بەکاپتن. تۆ دەزانی سێ ئەستێرە و دوو شیری تێک پەڕیوو و تاجێکیشی لەسەربێ، ئەوە منم.»

– «بەخت یارت بێ.»

– «بەخت یارت بێ. کەی بۆ بەرەی جەنگ دەگەڕێیتەوە؟»

– «بەم زووانە.»

– «باشە لەوێ دەتبینم.»

– «خواحافیز.»

– «خواحافیز. خۆت لە خراپە بپارێزە.»

چوومە سەر ئەو شەقامەی پشتەوە، کە بەقەدبڕی بۆ نەخۆشخانە دەچێ. ئیتۆر بیست و سێ ساڵان ببوو. لە سان فرانسیسکۆ لەلای مامێکییەوە گەورە ببوو. کاتێ بڕیاری شەڕدرا بەسەرداn هاتبووە لای دایک و باوکی کە لە (تۆرینۆ) بوون. خوشکێکی هەبوو لەگەڵ ئەو ڕەوانەی ئەمریکا کرابوو تا لەگەڵ مامی بژی. لەوانەیە ئەمساڵ خوێندن تەواو بکات. ئەو لەو پاڵەوانانە بوو کە خولق و خووی خۆش نەبوو. هەر کەسێک بیدیبایە لێی بێزار دەبوو (کاترین)یش لە وزەی دانەبوو هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکا.
کاترین گوتی: «ئێمەش پاڵەوانی وامان هەیە، بەڵام ئەوان زۆر هێمنترن ئازیزم.»

– «من گوێی پێ نادەم.»

– «خۆ منیش ئەوەندە گوێم پێی نەدەدا، گەر ئەوەندە لە خۆی بایی نەبووایە و منی بێزار نەکردبایە، بێزار نەکردبایە.»

– «خۆ منیش بێزار دەکا.»

– «ئەوەشت لە دڵنەرمی خۆتە بۆم، ئازیزم، بەڵام تۆ پێویستیت بەوە نییە. خۆ تۆ دەزانی.»

– «لە بەرەی جەنگدا حاڵی چ حاڵە. هەرچەندە بەکەلکیش دێ. بەڵام ئەو لەو گەنجانەیە کە ڕقم لێیانە.»

– «دەزانم.»

– «زۆر چاکە، کە ئەمە دەزانی. هەوڵ دەدەم خۆشم بووێ. بەڵام ڕەزای گرانە. بەڕاستی کوڕێکی ڕەزا گرانە.»

– «ئەم ئێوارەیە گوتی، دەبێتە کاپتن.»

کاترین گوتی: «پێ خۆشحاڵم. هەڵبەت ئەوە کەیفخۆشی دەکا.»

– «حەز دەکەی منیش پایەیەکی بڵندترم هەبێ؟.»

– «نەخێر، تەنیا ئەو پایەیەم لە تۆ دەوێ کە بتوانین بچینە باشترین چێشتخانە.»

– «ئەوە ئەو پایەیە کە ئێستا هەمە.»

– «پایەکی مەزنت هەیە، نامەوێ هیچ پایەیی تر وەربگری، ڕەنگە پایەیی بەرزتر هەوات بەرزتر بکا. ئازیزم، چەند کەیفخۆشم بەوەی کە لە خۆبایی نی، خۆ ئەگەر لە خۆش بایی بی هەر شووم پێ دەکردی. بەڵام ئەوەی ئارامی دەخاتە دڵی ئافرەتەوە ئەوەیە کە پیاوەکەی لەخۆبایی نەبێ.»

زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆ لە باڵکۆنەکەدا قسەمان دەکرد، دەبوایە مانگەشەو بوایە. بەڵام تەم و مژ شاری داپۆشیبوو، لەبەر ئەوە مانگ هەڵنەهات. پاش ماوەیێ دایگرتە نمەی باران و هاتینە ژوورەوە لە پاشا بوو بەرێژنە. گوێمان لە ترپەی باران بوو کە بەسەر بانەکە دەکەوت، هەستامە سەرپێ، لە دەرگاوە ڕاوەستام تا بزانم داخوا باران دێتە ژوورەوە یان نا. نەدەهاتە ژوورەوە بۆیە دەرگاکەم لەسەر گازی پشت بەجێ هێشت.

کاترین: «کێی ترت بینی؟»

– «میارز و خێزانەکەی.»

– «ئەوانە زۆر سەیرن.»

– «ئەگەر لە وڵاتی خۆی بوایە دەبوایە لە بەندیخانە بوایە. بەڵام بەرەڵایان کردووە تا بمرێ.»

– «لەوکاتەوە زۆر بەختیارانە لە میلانۆوە دەژی.»

– «نازانم، تا چ ڕادەیێ دڵخۆشە.»

– «وابزانم، لەوکاتەوە کە لە بەندیخانەوە پێی هاتۆتە دەر لە ڕادە بەدەر دڵخۆشە.»

– «خاتوو میارز هەندێ شت بۆ ئێرە دێنێ.»

– «شتی چاک دێنێ. ئایا تۆ کوڕی ئازیزی. ئەوی؟»

– «یەکێکم لە کوڕەکانی.»

– «ئێوە هەمووتان کوڕی ئەون، کوڕی خۆشەویستی ئەون. گوێ لە شووڕەی باران بگرە.»

– «بارانێکی بەگوڕە.»

– «تۆ هەردەم منت خۆش دەوێ. وا نییە؟»

– «بەڵێ.»

– «ئایا باران بێ و نەبێ جیاوازە؟»

– «نەخێر.»

– «ئەمە شتێکی باشە. چونکە لە باران دەترسم.»

– «لەبەرچی؟»

خەو چاوی گرتبووم، لە دەرەوەش باران بەتوند دەباری. «ئازیزم، نازانم بۆچی هەردەم لەباران ترساوم.»

– «دەنا من حەز لە باران دەکەم.»

– «حەز دەکەم لەژێر باران گەشت بکەم. بەڵام باران لەگەڵ خۆشەویستی زۆر بێ بەزەییە.»

– «من هەر تۆم دەوێ.»

– «من تۆم لە بەفر و باران و تەزرەدا خۆش دەوێ.»

– «چی تریش؟»

– «نازانم هەست دەکەم خەوم دێ.»

– «بڕۆ بخەوە، هەرچۆنێ بێ تۆم خۆش دەوێ.»

– «ئایا تۆ بەڕاستی لە باران دەترسی؟»

– «نەخێر، گەر لەگەڵ تۆ بم.»

– «بۆچی لێی دەترسی؟»

– «نازانم.»

– «پێم بڵێ.»

– «زۆریم لێ مەکە.»

– «دەبێ پێم بڵێی.»

– «نەخێر پێت ناڵێم.»

– «پێم بڵێ.»

– «باشە پێت دەڵێم. لە باران بۆیە دەترسم، چونکە زۆرجار مەرگی خۆمی تیا دەبینم.»

– «نەخێر، لەبەر ئەمە نییە.»

– «هەندێ جار مەرگی تۆشی تیا دەبینم.»

– «ئەمەیان پێ دەچێ.»

– «نەخێر، خۆشەویستم، ئەمەیان وانییە، چونکە دەتوانم بەسەلامەتی بتپارێزم، دەزانم ئەو توانایەم هەیە بتپارێزم، بەڵام هیچ کەسێ ناتوانێ خۆی بپارێزێت.»

– «تکایە با بەس بێ. نامەوێ ئەمشەو لێم ببیتە سکوتلەندی و خۆت شێت و وێت بکەی. زۆرمان پێکەوە نەماوە.»

– «نەخێر من سکوتلەندیم و شێتم. بەڵام بێدەنگ دەبم، ئەمانە هەمووی قسەی حەلەق و بەلەقن.»

– «هەمووی بێ مانایە. لە بێ مانایی بەولاوە هیچی تر نین. من لە باران ناترسم. لە باران ناترسم. ئۆ، ئۆ خوایە حەز دەکەم لێی نەترسم.»

کاترین دەستی بەگریان کرد. ئارامم کردەوە، لەگریان وەستا بەڵام لە دەرەوە باران هەر دەباری.

20

پاش نیوەڕۆیەک من و کاترین چووین بۆ تەڕاتێنی ئەسپ. فێرگسۆنیش هات هەروەها (کرۆل ڕۆجەر)یش، ئەو گەنجەی کە بەتەقینەوەی سەری کومپارە چاوی بریندار بووبوو. پاش نانی نیوەڕۆ کچەکان خۆیان ڕێکپۆش کرد تا بۆ تەڕاتێن بەڕێ کەوین. من و کرۆل لە ژوورەکەی کرۆل لە سەر قەروێلەکەی دانیشتبووین، ئەنجامی پێشووی تەڕاتێن و پێشبینی تەڕاتێنمان لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە. کرۆل سەری بەسترابووەوە، بۆیە تەڕاتێنەکەی ئەوەندە لا گرینگ نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە ڕۆژنامەی تەڕاتێندا بەبەردەوامی دەنگوباسی تەڕاتێنی دەخوێندەوە. هەروا پێبەپێ ئاگاداری هەموو ئەسپێ بوو. مەبەستی لەمەش ڕزگاربوون بوو لە بێ ئیشی. گوتی: «ئەسپەکان ئەوەندە باش نین بەڵام چار ناچار هەر ئەو ئەسپانە هەن کە گرەویان پێ بکەین. پیرەمیارزی کرۆلی زۆر خۆش دەویست بۆیە هەندێ زانیاری تایبەتی و بەسوودی دایە کرۆل. میارز لە زۆربەی تەڕاتێنەکاندا دەیبردەوە. بەڵام حەزی نەدەکرد. هیچ زانیارێ بدا بەکەس چونکە نرخەکەی دادەشکاند. تەڕاتێنەکە زۆر قەڵەبالغ بوو. ئەو پیاوانەی لە هەموو سووچێکی دونیادا لە تەڕاتێن دەرکرابوون. ڕێیان پێ درابوو لە ئیتاڵیا بەشداری بکەن. زانیاری میارز زۆر بەسوود بوو، بەڵام حەزم نەدەکرد لێی بپرسم چونکە هەندێ جار وەڵامی نەدەدایەوە. دەتتوانی هەست بەوە بکەی کە پرسیارەکەت ئازاری دەدا، وای هەستدەکرد کە زۆری لێ کراوە لەبەر چەند هۆیێ پێمان بڵێ. بەڵام بۆ کرۆل ئەوەندە پێ سەرگران نەدەبوو. چاوەکانی کرۆل ئازاریان پێ گەیشتبوو. چاوێکی زۆر خراپ ئازاری پێ گەیی بوو، (میارز)یش چاوەکانی ناتەواو بوون. جا بۆیە کرۆلی خۆش دەویست. میارز هەرگیز بەخێزانەکەی نەدەگوت کە گرەو لەسەر کام ئەسپ دەکا. لەگەڵ ئەوەش خێزانەکەی دۆڕاندن و بردنەوەی هەبوو، زۆربەی جار بەشی دۆڕاندن بوو. زمانیشی لە

قسە نەدەکەوت. ئێمە هەر چوارمان بەپەیتوونێکی سەرکراوە بەرەو (سان سیرۆ) کەوتینە ڕێ. ڕۆژێکی خۆش بوو. بەباخچەیەکدا تێپەڕین شان بەشانی هێڵی ترام ڕۆیشتین، لە شار چووینە دەرەوە، ڕێگاکانی دەرەوەی شار تۆزاوی بوون، ساختمانی پەرژین ئاسن و باخچەی فراوان و جۆگەلەی تیابوو ئاویان پیادا دەڕۆیی لەگەڵ چەند باخچەی سەوزی شینایی کە گەڵاکانیان تۆزاوی بوون. دەمانتوانی لە دەشتەکەوە تەماشای ئەو بەری بکەین کە کێڵگەی سەوز و پڕ بەروبوومەکان و دێراو و چیاکانی ڕووەو باکوریش ببینین. گەلێ پەیتوونی تر لەسەر ڕێگاکەوە بوون کە بەرەو گۆڕەپانی تەڕاتێنەوە دەڕۆیشتن.

پیاوانی بەر دەرگا ڕێگەی ئێمەیان دا بێ پلیت بچینە ژوورەوە چونکە جلی سەربازیمان پۆشیبوو.

پەیتوونەکەمان بەجێهێشت. پرۆگرامی تەڕاتێنمان کڕی بەنێو فرینرێکی ئەستووری لووس ڕۆیشتین بەلای گۆڕەپانەکەوە چووینە لای (پادۆک)ەکەوە. سەکۆکان کۆن بوون لە دار دروست کرابوون. (کوشک)ەکانی گرەوکردن لەژێر سەکۆکان هەڵکەوتبوون و بریتی بوون لە ڕیزێک لە نزیکی تەویلەکان. کۆمەڵێ سەربازیش بەدەوری پەرژینی باخچەی ناوەوە داندرابوون. (پادۆک)ەکە پڕی خەڵک بوو، ئەسپەکان لە دەوری گۆڕەپانێکی ئەڵقەیی لەژێر دارەکانی پشت سەکۆکەوە دەسووڕانەوە. هەندێ ناسیاومان بینی دوو کورسیمان بۆ فێرگسۆن و کاترین هێنا و سەیری ئەسپەکانمان کرد. ئەسپەکان یەک لەدوای یەک، سووڕانەوە و سەریان شۆڕکردبوونەوە، مەیتەرەکان تێیان دەخوڕین. ئەسپێ ڕەنگەکەی ئەرخەوانییەکی ڕەش بوو، کرۆل سوێندی خوارد کە ئەم ئەسپە بۆیە کراوە.

تەماشامان کرد، پێی دەچوو وابێ. ئەم ئەسپە تاوێ پێش لێدانی زەنگی سواربوون هاتەدەر کاتێ لە پرۆگرامی تەڕاتێندا، بەدوای نمرەی ئەسپەکە گەڕاین، پشتمان بەنمرەی سەر قۆڵی مەیتەرەکە بەست، بۆمان دەرکەوت ئەسپەکە ناوی (چاپالاک)ە. ئەم تەڕاتێنە بۆ ئەو ئەسپانە بوو کە هەرگیز گرەوی هەزار لیر یا زیاتریان نەبردبۆوە. کاترین لەو باوەڕە بوو کە ڕەنگی ئەسپەکە گۆڕاوە فێرگسۆنیش گوتی ئەو ناتوانێ قسەی لێ بکا. منیش لێی کەوتبوومە گومانەوە. هەموومان ڕێکەوتین گرەوی لەسەر بکەین. بەسەد لیر گرەومان لەسەر کرد. لە پرۆگرامی بەرنامەی گرەودا وا جاڕدرابوو، لەکاتی بردنەوە. هەر لیرێ سیی و پێنج لیر دەباتەوە. کرۆل چوو پلیتی کڕی، ئێمەش سەیری سوارەکانمان دەکرد، لە جارێ زیاتر سووڕانەوە. پاشان لەژێر دارەکانەوە بۆ گۆڕەپانێ چوون، ئینجا بەتاودان بۆ شوێنی یاری دەست پێکردنەوە دەرپەڕین.

لەسەر سەکۆکەوە وەستاین تا سەیری تەڕاتێنەکە بکەین. لە (سان سیرۆ) بەربەستی نەرمیان نەبوو. بۆیە ئەو هێڵانەی کە ئەسپەکان لە نزیکەوە دەستیان بەغارێن کرد، زۆر بچووک دیاربوون. پاشان ڕێگەی دەرچوونیان پێدرا. بەلێدانی قامچییەکی درێژەوە

دەستی پێکرد. بەلاماندا تێپەڕین، ئەسپی ڕەش بەماوەیەکی باش لە بەرایی هەموویانەوە بوو، لە گەڕانەوەش بەدوورییەکی زۆر لە پێش ئەوانی تری کردبۆوە لە بەرەکەی ترەوە لە دوورەوە بەدووربین تاقیبی ئەسپەکانم کرد. سوارەکەیم بینی، خەریک بوو تاوی ئەسپەکەی کەم دەکردەوە، بەڵام نەیتوانی کەم کاتەوە تا لە پێچەکە سووڕانەوە ئەسپی ڕەش بەپازدە مەوداوە لە بەرایی ئەوانی ترەوە بوو، کاتێ لە سووڕانی دیاریکراوی خۆشی تەواو بوو لە دەوری پێچەکە لە سووڕانەوە هەر بەردەوام بوو. کاترین گوتی:

- «ئەی ئەمە باش نەبوو؟ سێ هەزار لیر دەبەیتەوە، دەبێ ئەسپێکی چاک بێ.»

کرۆل گوتی: «بەحەزرەتی ئەوەم ڕەنگەکەی نەچێتەوە بەر لەوەی پارەکە وەرگرین.»

کاترین گوتی: «بەڕاستی ئەسپێکی دڵگرە، دەبێ میارز بەناوی خۆی گرەوی لەسەر نەکردبێ؟»

بەدەنگێکی بەرز بەمیارزم گوت: «ئەرێ گرەوت بردەوە؟» ئەویش سەری خۆی لەقاند.

خاتوو میارز گوتی: «من نەم بردەوە، ڕۆڵەکانم لەسەر کام ئەسپ گرەوتان کرد؟»

- «چاپالاک.»

- «بەڕاستتە؟ ئەو یەک بە(٣٥)ە.»

- «ڕەنگەکەیان کەوتە بەردڵ.»

- «حەزم نەکرد گرەو بەو بکەم. لەو باوەڕەدا بووم کە نەخۆش بێ و هیچ تێنی تیا نەبێ.» پێیان گوتم: گرەو لەسەر ئەو نەکەم.»

میارز گوتی: «قازانجی زۆر نییە.»

گوتم: «لە پرۆگرامدا هەر لیرێ (٣٥) لیری بۆ داندراوە.»

میارز: «دەسکەوتەکەی ئەوەندە نییە لە دوا دوایی یارییەکەدا بەپارەیەکی زۆر گرەویان لەسەر کردووە.»

- «کێ کردوویەتی؟»

- «کامپتۆن و منداڵەکانی. دوو لیریش نادەن بۆ لیرێ.»

کاترین گوتی: «کەوابێ سێ هەزار لیرمان دەستکەوت نابێ. حەز لەیاری وا بەفڕ و فێڵ ناکەم.»

- «دوو سەد لیرمان دەستکەوت دەبێ.»

- «ناکاتە هیچ. ئەم پارەیە هیچمان بۆ ناکا. وام زانی سێ هەزار لیر وەردەگرین.»

فێرگسۆن گوتی: «ئەمە فڕوفێڵێکی چەپەڵە.»

- «هەڵبەت وایە. گەر بمانزانیایە ئەم فڕوفێڵەی تیایە هەرگیز گرەومان بەوە نەدەکرد.

من چاوم لە سێ هەزار لیرەکە بوو.»

کرۆل گوتی: «بابڕۆینە خوارەوە شتێ بخۆینەوە. تابزانین بۆ هەر لیرێ چەند دەدەن.»

لەسەکۆکەوە دابەزینە خوارەوە. چووینە ئەو جێگەیەی نمرەکانیان لێ چەقاندبوو، زەنگی پارەدان لێدرا. نمرەی ١٨٫٥٠ لە دوایی چاپالاک داندرابوو، ئەمەش مانای ئەوەبوو کە هەر لیرێ دوو لیری کەمتر بەردەکەوێ. چووینە مەیخانەی ژێر سەکۆکەوە ویسکی و سۆدەمان خواردەوە، چووینە لای دوو ئیتالّی ناسیاو (ماک ئادەمز)ی جێگری بالّیۆز. کاتێ گەڕاینەوە لای کچەکان وەگەلّمان کەوتن ئیتالّییەکان ڕەوشت بەرزبوون.

(ماک ئادەمز) قسەی لەگەلّ کاترین کرد، لەو کاتەی چووینە خوارەوە تا بۆ جارێکی تر گرەو بکەینەوە. میارز لە نزیک کوشکی گرەوەوە ڕاوەستابوو. بەکرۆلم گوت: «لێی بپرسە داخوا بەکام ئەسپ گرەو دەکا؟»

میارز پرۆگرامی دەرهێنا، بەقەلّەم ژمارە پێنجی دەستنیشان کرد.

– «ڕێگەی ئێمەش دەدەی گرەوی لەسەر بکەین؟»

– «خێراکە، خێراکە، بەلّام بەخێزانەکەم نەلّێی من ڕێگەم داوی.»

لێم پرسی: «دەخۆیتەوە؟»

– «نەخێر، سوپاس. هەرگیز ناخۆمەوە.»

بەهیوای بردنەوە سەد لیرمان لەسەر ئەسپەکە دانا، سەد لیری ترمان بەشوێن دا. دوایی پێکێکی تر کۆکتێلی ویسکی و سۆدەمان خواردەوە. هەستم بەخۆشییەکی زۆر کرد. لەگەلّ دوو ئیتالّی لێک ڕاست هاتین، سەرو پێکیان لەگەلّ ئێمە خواردەوە، دوایی گەڕاینەوە لای کچەکان. ئەم دوو ئیتالّییەش زۆر ڕەوشت بەرز بوون، لە باشی لە دووی پێشوو تێیان پەڕاندبوو. پاش ماوەیەکی کەم، کەس نەیتوانی دابنیشێ منیش پلیتەکەم دایە دەست کاترین.

– «ئەمە چ ئەسپێکە؟»

– «نازانم، میارز هەلّی بژاردووە.»

– «هەتا ناویشی نازانی.»

– «نەخێر، دەتوانی لە پرۆگرامەکەدا ناوی بدۆزیتەوە، وا بزانم ئەسپی نمرە پێنجە.»

کاترین گوتی: «تۆ بڕوات پێی هەیە؟»

ئەسپی نمرە پێنج گرەوی بردەوە. بەلّام شتێکی وایان نەدا. میارز تووڕە بوو.

– «دەبێ دووسەد لیر بدەی تا بیست لیر قازانج بکەی. دوازدە لیر بۆ دە لیر. ئەوە ئەوەندە ناهێنێ. خێزانەکەشم لەم لاوە بیست لیری دۆڕاندووە.»

کاترین پێی گوتم: «لەگەلّت دێمە خوارەوە.» ئیتالّییەکان هەستانە سەرپێ لە

سەکۆکە دابەزین. لە پادۆکەکە دوورکەوتینەوە.

کاترین لێی پرسیم: «ئەمەت بەدلّە؟»

– «بەلّێ.»

کاترین: «دەزانم زۆر باشە و بەدلّتە. بەلّام ئازیزم، من ناتوانم ڕووبەڕووی ئەو هەموو خەلّکە ببمەوە.»

– «ئێمە ئەوەندە خەلّکە نابینین.»

– «نەخێر، بەلّام میارز و خێزانەکەی و ئەو پیاوەی بانق لەگەلّ خێزانەکەیی و کچەکەی...»

گوتم: «ئەو هەموو جار حەوالّەکەم خورد دەکاتەوە.»

– «بەلّێ، بەلّام گەر ئەویش نەیکا، ئەوا فەرمانبەرێکی تر دەتوانێ ئەوە بکا. سەرەڕای ئەمانەش ئەو چوار گەنجەی دوایی مرۆڤی هیچ بوون.»

– «دەتوانین لێرە بمێنین و لە پەرژینەکەوە سەیری تەڕاتێنەکە بکەین.»

– «ئەوەم بەدلّە، ئازیزم، دەبا بە ئەسپێ گرەو بکەین کە هەرگیز گوێمان لەناوی نەبووبێ. ئەسپێ بێ کە میارز گرەوی لەسەر نەکردبێ.»

– «زۆر باشە.»

گرەومان لەسەر ئەسپێ کرد ناوی (لایت فۆڕمی) بوو لە نێو پێنج ئەسپاندا چوارەم بوو. خۆمان بەپەرژینەکەوە دابوو. سەیری ئەسپەکانمان کرد، بەنزیکمانەوە ڕەت دەبوون، تەقە تەقی سمەکانیان کە تێپەڕ دەبوون درینگەی دەهات، چیایە دوورەکانمان لێ دیاربوو، (میلانۆ)ش لە دواوەی درەخت و کێلّگەکانەوە بوو.

کاترین: «ئێستا وا هەست دەکەم کە بەکەیفترم.»

ئەسپەکان لە دەرگاکەوە بەلەشی تەڕ و ئارەقەوە گەڕانەوە سوارەکانیان هێوریان دەکردنەوە. بۆ ژێر دارەکانەوە تێیان خوڕین.

– «حەز لە خواردنەوە دەکەی؟ دەتوانین لێرە بخۆینەوە و سەیری ئەسپەکان بکەین.»

گوتم: «باشە، دەچم دوو پێک دێنم.»

کاترین گوتی: «شاگردەکە دەیان هێنێ.»

دەستی خۆی بەرزکردەوە. شاگردەکە لە مەیخانەی پادۆکای تەنیشت تەویلەکەوە هاتە دەرەوە. لەسەر مێزێکی خڕی ئاسن دانیشتین.

– «توخوا کاتێ بەتەنیاین زیاتر زەوق و جۆش لە خواردنەوە وەرناگری؟»

گوتم: «بەلّێ.»

– «هەستم بەتەنیاییەکی لە ڕادەبەدەر دەکرد کە ئەوان هەموویان لەوێ بوون.»

– «وابزانم ئێرە جێگایەکی باشە.»

– «بەڵێ، بەڕاستی تەراتێنێکی خۆشە.»

– «زۆر خۆشە.»

– «ڕێگەم مەدە لە زەوقت بکەم. ئازیزم هەر کاتێ ویستت دەگەڕێینەوە.»

گوتم: «نەخێر، لێرە دەمێنین و بۆ خۆمان دەخۆینەوە، دوایی دادەکشێینەوە خوارەوە تا لای قەڵبەزەکان دەچین. تا غارغارێنی سەر بەربەستان ببینین.»

کاترین گوتی: «تۆ زۆر باشی بۆ من.»

– «پاش ئەوەی تاوێ بەتەنیایی ماینەوە، حەزمان کرد بگەڕێینەوە لای هاوڕێکانمان کاتێکی خۆشمان بەسەربرد.»

21

لە ئەیلولدا شەوانی فێنکی داهاتن. پاشان ڕۆژەکانیشی فێنک بوون پەلکی دارەکانی باخچەی گشتی ڕەنگیان گۆڕا و زانیمان هاوین بەسەرچوو. شەڕ لەبەرەی جەنگ بەرەو دژواری چوو. نەیان توانی (سان گبریل) داگیر بکەن. شەڕی دەستبەسەرداگرتنی بانی (بانسێنزا) بەسەرچوو و هەر لە ناوەڕاستی ئەم مانگەشدا بوو شەڕی دەستبەسەرداگرتنی (سان گبریل) ئاشبەتاڵی لێ کرا. نەیانتوانی داگیری بکەن. ئیتۆر گەڕایەوە بەرەی جەنگ ئەسپەکانیشی گەڕانەوە ڕۆما و تەڕاتێن نەما. (کرویل)یش گەڕایەوە ڕۆما تا لەوێوە ڕەوانەی ئەمریکا بکرێتەوە، لە شاریش خۆپیشاندان دژی بەردەوامبوونی شەڕ دووجار تەقیەوە. مەترسیترین خۆپیشاندان لە (تیورین)بوو؛ مێجەرێکی ئینگلیزی پێی گوتم ئیتاڵییەکان سەد و پەنجا هەزار سەربازیان لە دەشتی (بانسێنزا) و (سان گبریل) لەدەست داوە، سەرەڕای ئەوەش چل هەزاری تریشیان لە دەوروبەری (کارسۆ) لێ کوژراوە. بەیەکەوە خواردمانەوە، ئەو قسەی کرد. شەڕ ئەمساڵ لێرە تەواو بوو، هەروا گوتی ئیتاڵییەکان قەمپارێکی لەوە گەورەتریان لێداوە کە پێیان بجوورێ. هەروا گوتی: هێرشی (فلاندەر)یش بەرەو سەرکوتکردن و شکستییە، ئەگەر بەقەد ئەوەندەی تر سەربازیان بکوژرێ کە لەم پایزە لێیان کوژراوە ئەوا ساڵێکی تر نابا هاوپەیمانەکان دەڕووخێن. گوتی ئێمە هەموومان ڕووخاوین بەڵام بەوە باشە هەرچەند وا بمێنێ بەسەر خۆمان ناهێنین. هەموویان ڕووخاون.

گرینگ ئەوەیە ئەو ڕاستییە دەرنەخەین. ئەو وڵاتەی دوایی هەموو وڵاتێ هەست بەو ڕووخانە دەکا، شەڕ دەباتەوە. پێکی ترمان تێ هەڵکرد ئاخۆ ئەبێ من لەگەڵ سەرکردایەتی شەڕ ببووم؟ نەخێر، ئەو لەگەڵ سەرکردایەتی شەڕ بوو، ئەمەش هەمووی فشقیاتە. ئێمە بەتەنیا لەیانەکە لەسەر قەنەفەیەکی چەرمینی گەورە دانیشتبووین پۆتینە سەربازییەکەی پیستەیەکی ڕەنگ تێر و لووس و بۆیەکراو بوو. پۆتینەکانی زۆر جوان بوون. گوتی ئەمە هەمووی فشقیاتە. تەنیا بیریان لە تیپەکان و دابەشکردنی

هێزی مرۆیی دەکردەوە. هەموویان لەسەر تیپەکان شەڕیان کرد و ئەگەر چیان بە چ کردبا ئەوا هەموویان دەکوشتن. هەموویان ڕووخابوون، ئەڵمانییەکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەخوا سەربازبوون نەک گەمە. پیرە (هۆن) سەرباز بوو. بەڵام ئەوانیش هەر ڕووخابوون. لە بارەی ڕوسیاوە پرسیارم لێ کرد. گوتی؛ ئەوانیش ماوەیەک بوو ڕووخابوون. ڕەنگە لەو ماوەیەدا ڕووخانیان بەدەرکەوێ.

نەمساوییەکانیش ڕووخاون ئەگەر هیمدادی تیپەکانی (هۆن)یان بگاتێ لەوانەیە ڕزگاریان ببێ. ئایا ئەو لەو باوەڕەیە کە ئەڵمانیا و هاوپەیمانەکانی بتوانن ئەم پایزە هێرش بەرن؟ هەڵبەت دەتوانن ئیتاڵییەکان ورەیان بەرداوە، هەموو کەسێ دەزانێ ورەیان بەردابوو. پیرە (هۆن) لە (ترنیتۆ)وە دادەبەزن و هێڵی ئاسنی لەسەر (ڤیسێنزا) دەبڕن، ئەوکات جا ئیتاڵییەکان قوڕی کوێ دەکەن بەسەر خۆیان، سەر بۆ کوێ هەڵدەگرن؟ گوتم، لە ساڵی ١٩١٦ ئەمەیان تاقی کردۆتەوە. نەک لەگەڵ ئەڵمانییەکان گوتم، بەڵێ. گوتی، بەڵام ئەو قەت لەو باوەڕەدا نییە کە وایان کردبێ ئەمە زۆر ئاسانە. ئەوان شتی گران و ئاڵۆز تاقی دەکەنەوە لە دواییدا چاک دەڕووخێن. گوتم دەبێ بڕۆم. دەبێ بگەڕێمەوە نەخۆشخانە گوتی (خواحافیز) پاشان بەشادمانییەوە گوتی: «بەخت یارت بێ.» جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڕەشبینییە جیهانییەکەی و بەزەوقییە کەسایەتییەکەیدا هەبوو.

لەسەرتاشخانەیێ وەستام. ڕیشی خۆم تراشی و گەڕامەوە نەخۆشخانە. قاچم گەلێ باش ببوو. سێ ڕۆژ لەمەوبەر تێم ڕوانیبوو. بەر لەوەی نەخۆشخانەی ماگیۆری بەجێبێڵم پێویستی بەچارەسەری هەر مابوو. لەسەر شۆستەکەدا هەوڵم دا بەڕێکی نەک بەشەلە شەل بڕۆم. پیاوێکی پیرم دی لەژێر تاقێکەوە ساوێنەی دروست دەکرد. هەڵوێستێکم کرد تا سەیری بکەم. دوو کچ خۆیان وەستابوون، ئەویش ساوێنەکەی پێکەوەیی بۆ هەردووکیان دەکێشا. بەپەلە ساوێنەکەی دەگرت و سەیری وانی دەکرد. سەری لەلایێ بوو کچەکان حریتە حریتیان گرتبوو، بەر لەوەی ساوێنەکانی لەسەر کاغەزی سپی قایم بکا و بیداتەوە دەست کچەکان، نیشانی دام و گوتی: «زۆر جوانن، تۆ دەڵێی چی. گەر ڕەسمێکت بۆ بگرم، تێنیتا؟» کچەکان ڕۆیشتنە ڕێی خۆیان، سەیری وێنەکەیان دەکرد و پێدەکەنین زۆر جوان بوون، یەکێکیان لەمەیخانەکەی بەرامبەر نەخۆشخانە کاری دەکرد.

گوتم: «زۆر باشە.»

– «شەپقەکەت لەسەر بکەرەوە.»

– «نەخێر، با لەسەرم بێ، وێنەکەم پێی بکێشە.»

گوتی: « بەوە جوان دەرناچێ، بەمە بەسەربازان دەچی.» ڕووی گەش بووەوە. وێنەکەی لەسەر کاغەزێکی ڕەش هەڵبڕی، پاشان دوو چینی ئەستووری لێک جیاکردەوە. وێنە تەنیشتییەکەی لەسەر مقەبایێ گیرکرد و دایە دەستم.

- «دەستحەقت چەند دەکا؟.»

دەستی خۆی هەژاند و گوتی: «ناوی پارە مەهێنە، بۆ تۆم دروست کردووە.» هەندێ کۆپەرم دەرهێنا گوتم: «تکایە وەرگرە، هەر بۆ هەوەس وەریبگرە!»

- «نەخێر، ئەوەم بەهەوەس بۆ تۆ کردووە تا بیدەیتە دەزگیرانەکەت.

- «زۆر سوپاس خواحافیز»

هاتمەوە نەخۆشخانە، هەندێ نامە لەوێ هەبوون، یەکێکیان ڕەسمی بوو، هەندێکی تریش بوون، سێ هەفتەی تر مۆڵەتی بووژانەوەم بۆ درێژ کرابووەوە، بەڵام پاش تەواو بوونی مۆڵەتم دەبوا بگەڕێمەوە بەرەی جەنگ. زۆر بەوردی خوێندمەوە. باشە ئەمەیان ئەوەبوو. مۆڵەتی بووژانەوەم لە چواری ئۆکتۆبەردا دەستی پێکرد لەو ڕۆژەی پێداویستی چارەسەرکردنم تەواو بوو. سێ هەفتە دەکاتە بیست و یەک ڕۆژ. مانای وایە مۆڵەتەکەم لە بیست و پێنجی مانگدا تەوا دەبێ. پێم ڕاگەیاندن بۆ نانی شێوان لێرە نابم. چوومە چێشتخانەیێ کەمێ لەسەرەوەی شەقامەکەی نزیک نەخۆشخانەوە بوو. نامەکانم لەوێ خوێندەوە، یەکیان لە باپیرمەوە بوو، دەنگوباسیماڵەوە و هاندانی بیری نیشتمانپەروەری هەڵگرتبوو چەکێکی دووسەد دۆلاری و هەندێ پارچە ڕۆژنامەی تیابوو. هەروەها نامەیەکی سارد و سڕم لە قەشەی هاوڕێی تیپەکەمەوە بۆ هاتبوو، یەکێ تریشم لە برادەرێکی فڕۆکەوان لە سوپای فەرەنسییەوە بۆ هاتبوو کە باسی کاروباری ئەو تیپەی دەکرد کە خۆی یەکێکە لە ئەندامەکانی، نامەیەکی تریشم لە ڕینالدییەوە بۆ هاتبوو. لێمی پرسی بوو ئاخۆ تا چەند مانگی تر خۆم لە میلانۆ مات دەکەم، پرسیبووی دەنگوباس چ باسە؟ داوای لێ کردبووم کە قەوانی فۆگرافی بۆ بێنم. لیستەیەکی لەگەڵ ڕەوانە کردبوو. قاپێکی بچووکی (شانتی)م لەگەڵ نانخواردن خواردەوە لە دوابەدوای ئەمەوە پێکێ (کۆنیاک)م خواردەوە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوومەوە، نامەکانم خستە گیرفانمەوە، ڕۆژنامەکە و چێشتانەم لەسەر مێزەکە بەجێهێشت، لە ژوورەکەی خۆم، بێجامە و ڕۆبم لەبەرکرد، پەردەی ئەو دەرگایەم دادایەوە کە بەسەر باڵەکۆنیدا دەڕوانی، لەناو جێگەی خۆم لێ دانیشتم و ڕۆژنامەی (بۆستن)م لەناو ئەو قۆمەتەی دەرێنا کە خاتوو میارز لە نەخۆشخانە بۆ کوڕەکانی بەجێهێشتبوو. لەو هەواڵانە (شیکاگۆ وایت سۆکس) ئالای کۆمەڵەی ئەمریکای بەدەست هێنا... (نیویورک جەنتس) سەرکردایەتی کۆمەڵەی نیشتمانی دەکا (بایب ڕۆث) یاری بۆ (بۆستن) دەکا. هەواڵەکانی ڕۆژنامەکان زۆر بێزارکەر بوون، هەواڵەکان ناوخۆیی و کۆن بوون و هەندێ کۆنە هەواڵی شەڕی تیابوو. هەواڵەکانی ئەمریکاش تەنیا دەربارەی ئۆردووگاکانی مەشق پێکردن بوون. دڵخۆش بووم بەوەی لە ئۆردووگایێکی مەشق پێکردن نەبووم. دەنگوباسی یاری بێیبول تاقە هەواڵێ بوو کە مەیلی خوێندنەوەیم کرد، لەگەڵ ئەوەش ئەم هەواڵانە هیچ خۆشییەکیان نەخستە دڵمەوە. خوێندنەوەی ئەم هەموو ڕۆژنامانە بەوردی پیاوی خۆی دەویست، چونکە

ڕۆژنامەکان هی ئەوە نەبوون کاتیان پێ بکوژی، بەڵام چاوێکم هەر پێداگرتن. لە خۆمم پرسی ئاخۆ ئەمریکا چووەتە ناو شەڕەوە، ئاخۆ دەبێ یەکێتییە وەرزشییەکان دابخەن؟ لەوانەیە وا نەکەن. تەڕاتێن لە (میلانۆ) هەر لەسەر بەزمی خۆی بوو، شەڕیش گەیشتۆتە ڕادەیێ کە چاوەڕوانی خراپتری لێ نەدەکرا. تەڕاتێن لە فەرەنسا کە (چاپالاک)ی لێوە هاتبوو وەستێنرا. کاترین تا سەعات نۆ بێ ئیش بوو، کە نۆرەی داهات و ئەرکی وەرگرت گوێم لە خشەی پێی بوو، جارێک بینیم بەهۆڵەکەدا تێپەڕی سەری لە چەند ژوورێ دا، لەدواییدا هاتە ژوورەکەم.

گوتی: «ئازیزم، دواکەوتم. ئیش زۆربوو ئەتۆ چۆنی؟» باسی نامەکان و مۆڵەتی نەخۆشیم بۆ کرد.

گوتی: «شتی چاکە، ئەو ماوەیە لە کوێ بەسەردەبەی؟.»

- «لەهیچ شوێنێ. لێرە دەمێنم.»

- «کارێکی بێ عەقلانەیە. شوێنێ هەڵبژێرە. منیش لەگەڵت دێم.»

- «چۆن دەتوانی لەگەڵم بێی؟»

- «نازانم، بەڵام ڕێگایێ دەدۆزمەوە.»

- «تۆ زۆر جوان و دڵگری.»

- «نەخێر، وا نیم، بەڵام کە هیچت نەبێ لەدەستی بدەی ژیان ناخۆش نییە.»

- «مەبەستت چییە.»

- «هیچ نییە تەنیا بیر لەو تەنگوچەڵەمە بچووکانە دەکەمەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان وا گەورە دەهاتە بەرچاو.»

- «وا تێبگەم زۆر زەحمەتە ئەم کارە ئەنجام بدەی.»

- «نەخێر، زەحمەت نییە. ئازیزم، گەر پێویست بێ بەئاسانی ئیشەکە بەجێ دێڵم. بەڵام مەسەلەکە ناگاتە ئەو ڕادەیە.»

- «چ شوێنێ بەباشی دەزانی ڕووی تێ بکەین.»

- «بەلامەوە گرینگ نییە. هەر جێگەیێ بتەوێ، هەر شوێنێ خەڵکی تیا نەناسین.»

- «هەر شوێنێ بێ بەلاتەوە گرینگ نییە؟»

- «نەخێر، هەر شوێنێ بێ، بەدڵم دەبێ.» ئەمەی گوت و شێوا و پەشۆکا.

- «چ خێرتە، کاترین؟.»

- «هیچ، هیچم نییە.»

- «بەڵێ، شتێکتە.»

- «نەخێر، هیچم نییە. بەڕاستی هیچ نییە.»

- «دەزانم شتێکتە. ئازیزم پێم بڵێ، دەتوانی پێم بڵێی.»

– «هیچ نییە.»

– «پێم بڵێ.»

– «پێت ناڵێم، دەترسم بێ کەیف و نیگەرانت بکا.»

– «نەخێر، نیگەرانم ناکا.»

– «سووری لەسەر ئەمە؟ من نیگەران ناکا، بەڵام لەوە دەترسم نیگەرانت بکا.»

– «منیش نیگەران ناکا، گەر تۆ نیگەران نەکا.»

– «نامەوێ پێتی بڵێم.»

– «پێم بڵێ.»

– «هەر دەبێ بیڵێم.»

– «بەڵێ.»

– «ئازیزم، منداڵم دەبێ. زگم سێ مانگانە. نیگەران نەبووی. نیگەران بووی؟! تکایە نیگەران مەبە. نابێ نیگەران بی.»

– «زۆر باشە.»

– «بەڕاستتە.»

– «هەموو شتێکم کردووە، هەموو داودەرمانێکم تاقی کردۆتەوە، بەڵام هەمووی بێ داد بووە.»

– «نیگەران نیم.»

– «نەمتوانی خۆمی لێ ڕزگار بکەم، ئازیزم، منیش نیگەران نیم، نابێ نیگەران بی و هەست بەناخۆشی بکەی.»

– «تەنیا لەبەر تۆ پەشێواوم.»

– «بلێ وا. نابێ خۆت سەخڵەت بکەیت. ئافرەت سکی هەر دەبێ. هەموو ئافرەتێ منداڵی دەبێ، ئەمە کارێکی سروشتییە.»

– «بەڕاستی دڵگری.»

– «نەخێر، وانیم بەڵام نابێ گوێی بدەیتێ، هەوڵ دەدەم کە ناخۆشیت بۆ پەیدا نەکەم. دەزانم ئێستا ناخۆشیم بۆت پەیدا کردووە. بەڵام ئایا تاکو ئێستا کچێکی چاک نەبوومە. تۆ هەرگیز نەتزانیوە! وانییە؟»

– «نەخێر.»

– «کەوابێ هەمووی بەم شێوەیە دەبێ. ئەوەی لە تۆ پێویستە نیگەران نەبی، دەتوانم نیشانەی نیگەرانیت لێ بەدی بکەم. وازی لێ بێنە. بیری لێ مەکەوە.»

– «ئازیزم حەز لە خواردنەوە دەکەی؟ دەزانم کە خواردنەوە هەردەم دڵخۆشت دەکا.»

– «نەخێر، هەست بەکەیفخۆشی دەکەم. تۆش زۆر جوان و دڵگری.»

– «نەخێر، وانیم، بەڵام هەموو شتێ لە پێناوی پێکەوەمانمان دەکەم گەر تۆش شوێنێ بدۆزیتەوە بۆی بچین. هەواش لەمانگی ئۆکتۆبەر (تشرینی یەکەم)دا خۆش دەبێ و کاتێکی خۆشمان دەبێ. کە گەڕایەوە بەرەی جەنگ دەربارەی هەموو شتێکت بۆ دەنووسم.»

– «لەکوێ دەبی؟»

– «هێشتا نازانم، بەڵام شوێنێکی خۆش. چاوم لەوەیە.»

ماوەیێ بێ دەنگ بووین. قسەمان نەکرد. کاترین لەسەر قەروێڵە دانیشتبوو، منیش سەیرم دەکرد. بەهیچ جۆرێ دەستمان لەدەستی یەکتری نەدا. لەیەکتری دوور بووین. هەروەک بڵێی یەکێ بێتە ژوورەوە و ئێمەش بشێوێین. کاترین دەستی درێژکرد و دەستمی گرت. گوتی: «خۆ تووڕە نەبووی، ئازیزم؟.»

– «نەخێر.»

– «هەست بەوە ناکەی کەوتووبیە ناو تەڵەیەکەوە؟»

– «لەوانەیە کەمێ، بەڵام نەک بەهۆی تۆوە.»

– «ناڵێم بەهۆی منەوە. گێل مەبە. هەر چ داوێک بێت.»

– «تۆ هەردەم هەست بەتەڵەیەکی بایولوجی دەکەی. نەجوولایەوە، دەستی نەکێشایەوە. بەڵام هەستم کرد کە خەیاڵی ڕۆییوە و دوور ڕۆیشتووە زۆر دوور. گوتی: «وشەی (هەردەم) وشەیەکی جوان نییە.»

– « ببوورە.»

– «ئەمە زۆر ڕاستە، بەڵام تۆ دەزانی کە هەرگیز نەبووە و هیچ کەسێکم خۆش نەویستووە. هەوڵم دا ئەو ڕێگەیە بگرمە بەر کە تۆ دەتەوێ. ئێستاش دەربارەی هەردەم قسە دەکەی.»

گوتم: «ئامادەم زمانم ببڕم.»

لە خەیاڵە دوورەکەی گەڕایەوە. گوتی:

«ئۆ، دڵدارەکەم، نابێ قسەکانم بەئەوەندە هەڵبگری.»

جارێکی لێک نزیک بووینەوە پەژارەمان نەما.

– «بەڕاستی ئێمە وەکو جارانین. هەر یەک کەسین. نابێ بەهەڵە لە یەکتری بگەین.»

– «وا ناکەین.»

– «بەڵام خەڵک وا دەکەن یەکتریان خۆشدەوێ و بەهەڵە لەیەکتری دەگەن و ناخۆشیان دەبێ، لە دواییش نابنەوە یەک.»

- «بەڵام ئێمە بەشەڕ نایێین و ناخۆشیمان نابێ.»

- «نابێ بەشەڕ بێین، چونکە ئێمەی دوان لەم جیهانەدا تاقانەیین. خەڵکی تریش هەن. گەر هەر شتێ بکەوێتە نێوانمان ئەوان لێکمان دەکەن و ئێمە دەبینە هی ئەوان.»

گوتم: «ناتوانن لێکمان بکەن. چونکە تۆ بەجەرگی. چاونەترسان هیچیان بەسەردا نایێ.»

- «هەڵبەت دەمرن.»

- «بەڵام جارێ.»

- «نازانم کێ ئەم قسەیەی کردووە؟»

- «ترسنۆک هەزار جار دەمرێ، بەڵام ئازا جارێ.»

- «هەڵبەت. کێ ئەمەی گوتووە؟»

- «نازانم.»

- «بێ گومان ئەوەی ئەمەی گوتووە ترسنۆک بوو زۆری دەربارەی ترسنۆکان زانیوە. بەڵام هیچی دەربارەی ئازایان نەزانیوە. ئازاش گەر زیرەک بێ دوو هەزار جار دەمرێ، بەڵام باسیان ناکا.»

- «نازانم، بەڵام زۆر زەحمەتە بزانی چ لە مێشکی ئازایاندا هەیە.»

- «بەڵێ، ئەوان ئاوا خۆ دەردەخەن و ئەو ڕێگەیە دەگرن.»

- «تۆ دانای.»

- «تۆ ڕاستی، ئازیزم، شایستەی ئەوە بووم.»

- «تۆ ئازای.»

گوتی: «نەخێر، بەڵام حەز دەکەم ئازابم.»

گوتم «بەڵام من حەز ناکەم. خۆم دەناسم. ژیان بای ئەوەندەی فێرکردووم. من وەکو یاریزانێکی بێیسبۆلم کە (٢٣٠) خاڵ دەگرێ دەزانێ قازانجی ئەوی تیا نییە.»

- «ئەمە چ یاریزانێکە (٢٣٠) خاڵ دەگرێ؟ ئەمە زۆر ترسێنەرە.»

- «نەخێر، ئەوە مانای وایە یاریزانێکی مام ناوەندییە.»

- «بەڵام یاریزانێکی گورج وەشێنە.»

- «لەو باوەڕەم کە هەریەک لە ئێمە لە خۆی بایییە. بەڵام تۆ ئازای.»

- «نەخێر، بەڵام بەو هیوایەم ئازابم.»

گوتم: «هەردووکمان ئازایین، بەڵام کاتێ دەخۆمەوە ئازاتر دەبم.»

گوتی: «ئێمە مرۆڤی مەزنین.»

بۆ لای دۆڵابەکە کشا کۆنیاک و پەرداخێکی بۆ هێنام، گوتی: «بخۆوە، تۆ زۆر

ڕووخۆشی.»

- «لە ڕاستیدا، حەز لە خواردنەوە ناکەم.»

- «تەنیا پێکێ.»

- «زۆر باشە.»

سێیەکی پەرداخێکی پڕ کۆنیاک کرد و بەجارێ فڕم کرد.

گوتی: «ئەم فڕە زۆر گەورەبوو، دەزانم کە براندی بۆ پاڵەوانانە، بەڵام نابێ پێی لێ هەڵبرێت.»

- «ئەی پاش شەڕ لە کوێ بژین؟»

کاترین: «لە خانووی پەککەوتووان. سێ ساڵە وەکو منداڵ چاوەڕوانین، شەڕ لە جەژنی لەدایکبوون کۆتایی بێ. بەڵام ئێستا چاوەڕوانی ئەوەین کەی منداڵەکەمان دەبێ بەئەفسەر.»

- «لەوانەیە ببێ بەجەنەڕاڵ.»

- «گەر شەڕێکی سەد ساڵی بێ، ماوەی دەبێ هەردوو پایە بەخۆیەوە ببینێت.»

- «چیتر ناخۆینەوە؟»

- «نەخێر، هەردەم کەیفخۆشت دەکا، ئازیزەکەم، منیش گێژ دەکا.»

- «قەت براندیت خواردۆتەوە؟»

- «نەخێر، ئازیزم، من هاوسەرێکم زۆر کۆن باوم.»

دەستم بۆ بوتڵەکە درێژکردە خوارەوە. بۆ چوارەمین جار پەرداخەکەمم پڕکرد.

- «واچاکە بچم سەرێ بەژووری نەخۆشەکان دابگرم. لەوانەیە تۆش ڕۆژنامە بخوێنیتەوە تاوەکو دەگەڕێمەوە.»

- «هەردەبێ بچی؟»

- «هەر دەبێ بچم، ئێستا بێ یا دوایی.»

- «زۆر باشە، ئێستا بڕۆ.»

- «پاشان دەگەڕێمەوە.»

گوتم: «تا دێیتەوە لە خوێندنەوەیان تەواو دەبم.»

22

ئەوێ شەوێ دونیا سارد داگەڕا و ڕۆژی پاشتریش باران دایکرد. لە نەخۆشخانەی ماگیۆری بۆ ژوورەکەم دەگەڕامەوە، بارانێکی بەتین باری، تاگەیشتمە جێ باش تەڕ بووم. لەسەرەوە لە ژوورەکەم بووم، لە دەرەوە باران بەتوندی دەباری. بەباڵکۆنەکەدا

دەهاتە خوارەوە (با)ش بارانەکەی لە پەنجەرەکەوە دەکوتا. جلەکانم گۆڕی و کەمێ براندیم خواردەوە. بەڵام براندییەکە تامی خۆش نەبوو. شەو هەستم بە نەساغی کرد، بەیانی پاشتر دڵم تێک هەڵدەهات. دکتۆر گوتی:

«هیچ گومان لەوەدا نییە! خانم سەیری سپینەی چاوی بکە.»

خانم گاج سەیری چاوی کردم. داوایان لێ کردم لە ئاوێنەوە سەیری چاوم بکەم. سپینەی چاوم زەرد هەڵگەڕابوون، تووشی نەخۆشی زەرتک ببووم دوو هەفتە هێخستمی. لەبەر ئەم هۆیە مۆڵەتی بووژانەوەم لەگەڵ (کاترین) نەبردەسەر. دامان نابوو بچینە (پالانزا لاگۆ ماگیۆر). ئەوێ جێگایەکی خۆشە بەتایبەتی لە پایزدا کە پەلکەدار ڕەنگی زەرد دەبێ. پیاسەی خۆشە، تۆ دەتوانی پیاسە بکەی و دەتوانی ماسییەخاتوونە لە گۆمەکە ڕاوبکەی. چوونە (پالانزا) لە (ستریزا) چاکتربوو. چونکە خەڵکێکی کەمتری لێ بوو. لەمیلانۆ بەئاسانی دەتوانی بچیتە (ستریزا) هەر لەبەر ئەوەشە خەڵکەکەی وێ دەناسین.

گوندێکی قەشەنگ لە (پالانزا)دا هەیە، لەوێوە بەسواری بەلەم دەتوانین بۆ ئەو دوورگانە بچین کە ماسیگرەکان ژیانیان تیا بەسەردەبەن. چێشتخانەیەکیش لە گەورەترین دوورگەدا هەیە. بەڵام ئێمە نەچووین. ڕۆژێ کە بەهۆی نەخۆشی زەرتکەوە لەنێو جێگە کەوتبووم. خانم (ڤان کامپن) هاتە ژوورەکەم، دەرگای دۆڵابەکەمی کردەوە چەند بوتڵێکی بەتاڵی بەرچاوکەوت. زۆر بوتڵی ترم بەدەرگەوان ناردبووە خوارەوە. لەو باوەڕەم لەرێوە بوتڵەکانی بەدەرگەوان بینیبێ، جا بۆیە هاتووتە سەرەوە تا هەندێکی تریش لە ژوورەکەمدا ببینێ. زۆربەی بوتڵەکانیش هی (ڤێرمۆث) و (مارسالا) و (کاپری) و (شانتی)ی گۆزەیی و چەند بوتڵێکی کۆنیاک بوون. کابرای دەرگەوان بوتڵە گەورەکانی بردبووە دەرەوە کە بریتی بوون لە بوتڵی (ڤێرمۆث) و (سترا) و (شانتی) گۆزەیی. بوتڵەکانی براندی بۆ دواجار بەجێهێشتبوو. ئەم بوتڵانەی خانم (ڤان) دۆزیبیەوە چەند بوتڵێکی براندی بوون. بوتڵێکیان لەسەر شێوەی ورچ بوو. شەرابی (کوحێل)ی تیابوو. ئەو بوتڵە ورچییە ڕقی هەڵساند. ورچەکە لەسەر قونان دانرابوو. پێیەکانی لە ئاسمان بوو تەپەدۆرێکی دەزارکیدا هەبوو. لە ژێرەوەشی دەنکە تلێی کریستاڵی پەیدابوو دامە پێکەنین و گوتم:

«شەرابی (کوحێل) بوو. باشترین چەشنی کوحێل لەناو ئەم بوتڵە ورچیانەوە لە ڕوسیاوە دێت.»

ڤان پرسی: ئەمانە هەمووی بوتڵی براندین. وا نییە؟»

گوتم: «ناتوانم هەموویان ببینم. بەڵام بەمەزەندەم هەموویان هەون.»

– «چەند دەبێ ئەم چەشنە شەرابە دەخۆیتەوە؟»

گوتم: –«خۆم کریومن. خۆشم هێناومن بۆ ئێرە، ئەفسەرە ئیتاڵییەکان ناوەناوە دێنە سەردانم، منیش بۆیە براندیم داناوە تا پێشکەشیان بکەم.»

– «ئەی بەخۆت نەتخواردۆتەوە؟»

– «بەڵێ، خۆشم، هەمیشە خواردوومەتەوە.»

ڤان گوتی: «براندی، یازدە بوتڵی بەتاڵی براندی. ئەی ئەمەی ورچەکەیان؟»

– «کوحێلە.»

– «یەکێ دەنێرم بێ لێرەیان لابەرێ. هەر ئەوەندە بەتاڵەت لا هەیە؟.»

– «حاڵی حازر هەر ئەوەندەم لایە.»

– «لێت ناگرین. بەزەییم پیات دەهاتەوە. تووشی زەرتک بوویت، بەڵام بەزەیی پیاهاتنەوە بێ هوودەیە.»

– «سوپاس.»

– «باوەڕناکەم کەس لە نەگەڕانەوەت بۆ بەرەی جەنگ گازندەت لێ بکا. بەڵام گەر هەوڵ بدەی هەندێ شتی زیرەکانەتر ئەنجام بدەی باشترە لەوەی خۆت بەئەلکهول تووشی زەرتک بکەی.»

– «بەچیی»

– «بەئەلکهول. وابزانم زۆر باش گوێت لێ بوو چیم گوت.»

نقەم لێوە نەهات.

– «بزانە هیچ بیانووی تر نادۆزیتەوە بەرلەوەی لە زەرتک چاک بیتەوە. چونکە پاش چاکبوونەوە دەبێ بگەڕێیتەوە بەرەی جەنگ. لەو باوەڕدانیم کە خۆتووشکردنت بەزەرتک کارێکی وا بکا تا مۆڵەتی بووژانەوەی پێ وەربگری.»

– «باوەڕناکەی؟.»

– «باوەڕناکەم.»

– «خانم ڤان هیچ جارێ تووشی زەرتک بووی؟»

– «نەخێر، بەڵام ژمارەیەکی زۆرم لە تووشبووان دیوە.»

– «ئایا هەستت بەداد و بێدادی نەخۆشەکان لەدەست نەخۆشییەکانیان کردووە؟.»

– «وابزانم، نەخۆشییەکە لەبەرەی جەنگ چاکترە.»

– «خانم ڤان قەت زانیوتە پیاو بەخۆی خۆی پەککەوتوو بکا، لەقە لەگونی خۆی بدا.»

خانم ڤان خۆی لەم پرسیارە گێل کرد، خۆ هەر دەبوایە خۆی گێل کردبایە یا چووبایە دەرەوە. جا لەبەرئەوەی ئامادە نەبوو ژوورەکە بەجێ بێڵێ و ماوەیەکی لەمێژە ڕقی لێمە. وا ئێستاش حەقی ڕقەکەی پێم دەداتەوە. گوتی: «زۆر پیاو دەناسم بۆ خۆدەربازکردن لەبەرەی جەنگ خۆیان بریندار کردووە.»

– «پرسیارەکەم ئەوە نییە. منیش ئەم دیاردەیەم بینیوە. من ئەوەم لێ پرسی ئاخۆ

کەس دەناسی بەخۆی خۆی پەککەوتوو کردبێ و لەقە لەگونی خۆی بدا؟ چونکە ئەمە نزیکترین هەستکردنە بۆ تووشبوونی زەرتک. وابزانم ئەو هەستە لەلای ژمارەیەکی زۆر کەم لە ئافرەتەوە نەبێ نەناسراوە. لەبەر ئەوە ئەم پرسیارەم لێ کردی ئایا ڕۆژێ لە ڕۆژان تووشی زەرتک بووی، چونکە...»

خانم ڤان ژوورەکەی بەجێهێشت. لە دواییدا گاج وەژوورکەوت: «چیت بەڤان کامپن گوتووە؟ زۆر تووڕە بووە.»

– «بەراوردکاریمان لەنێوان دوو هەستدا دەکرد. دەمویست لێی بپرسم کە هەرگیز ژانی مندالّی گرتووە.»

گاج گوتی: «بەخوا بێ عەقلّی. ئەو دەیەوێت سەرت بخوا.»

– «سەرمی خوارد. مۆلّەتەکەمی لەدەستدام و دەیەوێ بۆ دادگای سەربازی ڕامکێشێ، بەوە تاوانبارم بکا بەئەنقەست خۆم نەخۆش کردووە. بەخوا هیچ و پووچە.»

گاج گوتی: «هەرگیز تۆی خۆش ناوێ. ئەمە لەسەرچییە؟»

– «پێی گوتم بەخواردنەوە خۆم تووشی زەرتک کردووە تانەگەڕێمەوە بەرەی جەنگ.»

– «پەه، سوێند دەخۆم کە تۆ دەمت لە فڕێ نەداوە، هەموو کەس سوێند دەخوا دەمت بەر قومێ نەکەوتووە.»

– «ئەو چاوی بەچەند بوتلّێک کەوت.»

– «سەد جار پێم گوتی ئەم بوتلانە لای خۆت گل مەدەوە ئێستاکە لەکوێنە؟»

– «لەناو دۆلابەکەدا دانە.»

– «جەنتات هەیە؟»

– «نەخێر، لەناو ئەم هەگبەیان دانێ؟»

خانم گاج بوتلّەکانی لەناو هەگبەکە دانا.

گوتی: «دەیان دەم بەدەرگەوان.»

بەرەو دەرگاکە چوو.

ڤان دەرگەوانی لەگەلّ خۆی هێنابوو. لە دەرگا تووشی گاج بوو. گوتی: «دەقەیێ من ئەو شتانە دەبەم. زەحمەت نەبێ هەلّیان بگرە تا ڕاپۆرتەکەم بنووسم و نیشانی دکتۆری بدەم.»

بەدالانەکە چووە خوارەوە، دەرگەوانەکەش هەگبەکەی هەلّگرت. دەرگەوان دەیزانی چی تیایە.

هیچ ڕووی نەدا تەنیا مۆلّەتەکەمی لەدەست چواند.

23

لەو شەوەی بڕیار وابوو بگەڕێمەوە بەرەی جەنگ دەرگەوانم نارد شوێنێکم لە شەمەندەفەر بۆ بگرێ کە لە (تۆرین)ەوە دەهات. ئەم شەمەندەفەرە لە نیوەی شەو لە ئێستگەوە دەرچوو، لە (تۆرین)ەوە بەڕێ دەکەوت، لە سەعات دە و نیوی شەو دەگەیشتە (میلانۆ). تا کاتی دەرچوونی لە ئێستگە دەما. لەکاتی هاتنی شەمەندەفەر بۆ شوێنگرتن دەبوایە خۆت لەوێ بوای. دەرگەوان برادەرێکی لەگەلّ خۆی برد، تۆپچی بوو، لە مۆلّەتدا بوو، لە دوکانی بەرگدروویێ ئیشی دەکرد. دلّنیای کردم کە بەهەردووکیان دەتوانن شوێنێکم لە نێوان خۆیان بۆ بگرنەوە. پێم گوتن کەلوپەلەکانیشم ببەن کە هەگبەیەک و دوو جۆرک بوون. لە دەوروبەری سەعات پێنج خواحافیزیم لەوانەی نەخۆشخانە کرد هاتمە دەرەوە، دەرگەوانەکە شتەکانی لە ژووروچکەکەی خۆی دانا. پێم گوت پێش نیوەشەو لە ئێستگە دەبم. خێزانی دەرگەوانەکە پێی گوتم (سیگنۆرینو)و دایە پرمەی گریان.

چاوەکانی سڕینەوە و تەوقەمان کرد جارێکی تر گریانەوە. دەستێکم لەپشتی دا ئەم جارە بەگوڕتر گریا. ئەو جلەکانمی دەدووریییەوە. ئافرەتێکی قوتەخنەی خرپنی ڕووخۆشی پرچ سپی بوو. کاتێ دەستی بەگریان کرد دەموچاوی خەت خەت بوو. بۆ لای ئەو کونجە چووم کەمەیخانەی تیابوو.

لە جامخانەی مەیخانەکەوە سەیری دەرەوەم کرد و چاوەڕێی (کاترین) بووم. دەرەوە تاریک و سارد و تەم و مژ بوو. پارەی قاوە و گراپیم دا. لە جامخانەکەوە سەیری ئەو کەسانەم دەکرد کە لەبەر ڕووناکی جامخانەکانەوە بەلای مەیخانەکەوە تێپەڕدەبوون. لەجامخانەکەوە چاوم بەکاترین کەوت، تەقەم لە جامخانەکەوە هێنا. ئاوڕی دایەوە تا پێی بگەم. چارۆگەیەکی شینی تۆخی لەبەرابوو. شەپقەیەکی نەرمیشی لەسەرکردبوو. پێکەوە بەشۆستەکەوە ڕۆیشتین. بەلای مەیخانەکاندا تێپەڕین، پاشان مەیدانی بازاڕەکەمان بڕی و چووینە سەرەوەی شەقامەکە و بەلای تاقەکەوە چووینە گۆڕەپانی کاتدرائیە. چەند هێلّێکی ترامواى لێ هەبوو، کاتدرائیە کەوتبووە دواوەی ئەمانەوە. کاتدرائیەکە سپی بوو لەبەر تەم و مژ تەڕ ببوو. لە هێلّی ترامو‌ا پەڕینەوە لای چەپی کاتدرائیە چەند دوکانێکی تیا هەلّکەوتبوو جامخانەی دوکانەکان و دەروازەی گالەرییەکانیش ڕووناک بوون. گۆڕەپانەکە تەمی زۆربوو. کە لە بەری پێشەوەی کاتدرایەکە نزیک بووینەوە. کاتدرائیەکە زۆر گەورەبوو. بەردەکانی بەخوناو بوون.

– «حەز دەکەیت بچینە ژوورەوە؟.»

کاترین: «نەخێر»

لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین. سەربازێ خۆی و دەزگیرانەکەی لەبەر سێبەری پالّەوانەیەکی بەردینی پێشمان ڕاوەستابوون. بەلایاندا تێپەڕین. توند پشتی خۆیان

بەبەردی پاڵەوانەکە دابوو، چاکەتەکەی خۆی لە دەزگیرانەکەی وەرێنابوو.

گوتم: «ئەوانیش وەکو ئێمەن.»

کاترین بەخەفەتبارییەوە گوتی: «هیچ کەسێ نییە وەکو ئێمە بێ.»

– «خۆزیا شوێنێکیان هەبوایە بۆ خۆیان ڕوویان تێکردبایە.»

– «لەوانەیە ئەمەش دادیان نەدا.»

– «جا ئەوە نازانم، بەڵام پێویستە هەموو کەسێ شوێنێکی هەبێ ڕووی تێ بکا.»

کاترین: «ئەوان کاتدرائیەیان هەیە.»

ئێستاکە بەبەردەم کاتدرائیەکە تێپەڕبووین. بەپیاسە تاکۆتایی گۆڕەپانەکە چووین، ئاوڕمان لە کاتدرائیەکە دایەوە. کاتدرائیەکە لەناو دەمدا زۆر جوان بوو. لەبەردەم دوکانێکی قایش فرۆش ڕاوەستاین. پێڵاوی سواری و جانتای پشتێ و پێڵاوی بەفرە خلیسکێ لەناو جامخانەکەیدا هەبوو، هەریەک لەمانە وەک پارچەیەکی سەربەخۆ نیشان درابوو، جانتاکە لە ناوەڕاستەوە بوو. پێڵاوی سواریش لەلایێ و پێڵاوی بەفرە خلیسکێش لەلایەکەی ترەوە بوو. ڕەنگی قایشەکە تۆخ و چەورکراو و لووس بوو، لە زینێکی بەکارهاتوو دەچوو. تیشکی گلۆپەکان لەسەر ئەو قایشە تاریک و چەورەدا دەبریسکایەوە.

– «ڕۆژێ دێ لەسەر بەفر خلیسکانێ دەکەین.»

کاترین: «پاش دوو مانگی تر، لە مۆرن یاری بەفرەخلیسکێ دەست پێدەکا.»

– «با بچنە وێندەر.»

– «زۆر باشە.»

بەبەردەم جامخانەی دوکانەکانی تردا تێپەڕین، بۆ شەقامێکی لاپەڕ پەڕینەوە.

– «هەرگیز نەهاتوومەتە سەر ئەم ڕێگایە.»

ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی تەسک بوو، لەلای دەستەڕاستدا ڕۆیشتین. خەڵکێکی زۆر بەناو تەمدا دەهات و دەچوون. دوکانێکی زۆری لێ بوو. گلۆپەکانی جامخانەکانیان دەسووتان. لە جامخانەیەکەوە سەیری کۆمەڵە پەنیرێکمان کرد.

لەبەردەم دوکانی چەک فرۆشێ ڕاوەستام گوتم: «دەقەیێ وەرە ژوورەوە. دەمەوێ چەکێک بکڕم.»

– «چ جۆرە چەکێ؟»

– «دەبانچەیێ.»

چووینە ژوورەوە. قایشەکەم کردەوە، لەگەڵ کیفی بەتاڵەکەی دەبانچەکەم لەسەر مێزی دوکاندارەکەم دانا، دوو ئافرەت لە دواوەی مێزەکەوە بوون، ئافرەتەکان ژمارەیێ دەبانچەیان هێنا.»

گوتم: «دەبێ بۆ ئەم کیفە بشێ؟»

کیفەکەم کردەوە، قایشێکی بۆری هەبوو. خۆم بەنیوداشی لەدەست کڕیبووم تا لەشاردا لە لاتریزەمی ببەستم.

کاترین: «ئاخۆ دەبێ دەبانچەی باشیان هەبێ؟»

گوتم: «هەموویان وەکو یەکن.»

لە ئافرەتەکەم پرسی: «دەتوانم ئەم دەبانچەیە تاقی بکەمەوە؟»

ژنەکە گوتی: «شوێنی گوللە تەقاندنمان نییە، بەڵام دەبانچەیەکی زۆر باشە. هیچ نیشانەیێ لەبەردەستی قورتار نابێ.»

سوارم کرد دەستم لەسەر پەلاپیتکە دانا. هەرچەند سپرینگەکەی بەهێز بوو بەڵام بەنەرمی کاری دەکرد، جارێکی تر سوارم کرد و تەقاندم. ئافرەتەکە گوتی: «چەکێکی نیو داشە، هی ئەفسەرێکی نیشانشکێن بوو.»

– «خۆت پێت فرۆشتبوو؟»

– «بەڵێ»

– «ئەی چۆن کەوتۆتە بەردەستت؟»

– «لەیاوەرەکەوە.»

گوتم: «لەوانەیە هی منیشت لابێ. بەچەندە؟»

– «پەنجا لیر، زۆر هەرزانە.»

– «زۆر باشە. دوو فیشەکدان و قردوێ گوللەشم دەوێ.»

لەژێر مێزەکەوە بۆی دەرهێنام.

– «شمشێرت دەوێ. هەندێ شمشێری بەکارهاتووی هەرزانمان هەیە.»

گوتم: «دەگەڕێمەوە بەرەی جەنگ.»

– «ئاه، بەڵێ، کەوابێ پێویستت پێی نییە.»

پارەی گوللەکان و دەبانچەکەم دا. یەدەگەکەم پڕ گوللە کرد و لە جێگەی خۆیم دانا و دەبانچەکەشم لەناو کیفە بەتاڵەکە دانا. یەدەگە زیادەکانیشم پڕ گوللە کرد لە شوێنی فیشەکدانی سەر ڕەختەکەم دانا. قایشەکەم بەست.

دەبانچەکە لەسەر قایشەکەوە قورس دیاربوو. تا ئەو دەقەش لە دڵی خۆمدا دەمگوت واباش بوو دەبانچەیەکی نیزامیم هەبێ. فیشەکی هەردەم لە نەبڕانە و دەستدەکەوێ.

گوتم: «ئێستا وا تەواوی چەکدارم، ئەمە تاقە شتێکە نابێ لە بیری بکەم. لەکاتی خۆیدا کە چووم بۆ نەخۆشخانەیەکی دەستی لەدەبانچەکەی پێشووم گر کردبوو بردی.»

کاترین: «بەو هیوایەم دەبانچەیەکی چاک بێ.»

ئافرەتەکە پرسی: «هیچی ترت ناوێ؟»

- «باوەڕناکەم هیچی ترم پێویست بێ.»

ئافرەتەکە گوتی: «دەبانچەکە پەتی خۆی هەیە بۆ بەستنەوە.»

- «تێبینی ئەوەم کردووە.»

ئافرەتەکە مگێزی ئەوەبوو شتی ترم پێ بفرۆشێ.

- «فیتفیتەت ناوێ؟»

- «نەخێر.»

ئافرەتەکە خواحافیزی کرد. ئێمەش هاتینە سەر شۆستی. کاترین لە جامخانەکەوە سەیری کرد. ئافرەتەکەش لە ژوورەوە سەیری دەرەوەی کرد و خۆی بۆ دانەواندین.

- «ئەم ئاوێنە بچووکانە بۆچی لە دارگیراون؟»

- «بۆ ڕاکێشانی باڵندەیە لە کێڵگەکاندا دەیان سووڕێنن. کە کڵاوکوڕە ئەمانە دەبینن بۆ لایان دەکشێن و ئیتاڵییەکانیش ئاگریان دەدەن و ڕاویان دەکەن.»

کاترین گوتی: «ئیتاڵییەکان زیرەکن، وا بزانم ئێوە لە ئەمریکا کڵاوکوڕە ناکوژن، ئازیزم؟»

- «نەخێر، بەئەنقەست نایکوژین.»

لە شەقامەکە پەڕینەوە، لەبەرەکەی تر دەستمان بەڕۆیشتن کرد.

کاترین گوتی: «ئێستاکە وا هەستدەکەم باشترم، کاتێ دەستمان بەڕۆیشتن کرد هەستم بەترسێ دەکرد.»

- «هەردەم پێکەوە هەست بەباشی دەکەین.»

- «کەوابێ هەر پێکەوە دەبین.»

- «بەڵێ، بەڵام لە نیوەی شەو لێت دوور دەکەمەوە.»

- «بیر لە دوورکەوتنەوە مەکەوە، ئازیزم.»

بەشەقامەکەدا شۆڕبووینەوە. گڵۆپەکان لەبەر تەم و مژ زەرد هەڵگەڕابوون.

کاترین پرسی: «ماندوو نەبووی؟»

- «ئەی تۆ؟.»

- «نەخێر، پیاسەکردن شتێکی خۆشە.»

- «بەڵام نابێ درێژەی بدەینێ.»

- «نەخێر، درێژەی پێ نادەین.»

بۆ شەقامێکی لاڕێ سووڕاینەوە، ڕووناکی چییە تیای نەبوو، لە شەقامەکەوە ڕۆیشتین. ڕاوەستام کاترینم ڕامووسی، کاتێ ماچم کرد. هەستم کرد دەستی خستە سەرشانم چاکەتمی ڕاکێشا و بەخۆی دادا تا هەردووکمانی داپۆشی. لە شەقامەکەدا

ڕاوەستاین پشتی خۆمان بەدیوارێکی بەرزدابوو.

گوتم: «با بچین بۆ شوێنێ؟»

کاترین گوتی: «باشە.»

بەشەقامەکەدا ڕۆیشتین تا لە شەقامێکی بەرینتر لە تەنیشت جۆبارێک هاتینە دەرەوە. لەبەرەکەی تری شەقامەکەدا دیوارێکی کەرپووچی و چەند ساختمانێکی تیا قیت ببووەوە. لەوسەری شەقامەکەدا ترامێکم بینی لە پردێکەوە دەپەڕینەوە.

گوتم: «لەسەر پردەکە دەتوانین سواری پەیتوونێ ببین.»

لەسەر پردەکەدا لەنێو تەمدا بەدیداری پەیتوونێ ڕاوەستاین، ژمارەیێ ترام تێپەڕین. هەمووی پڕ خەڵک بوو بەرەوماڵەوە دەگەڕانەوە.

پاشان پەیتوونێ هات. بەڵام یەکێکی تیابوو تەمەکە بوو بە نمەباران.

کاترین گوتی: «دەکرێ بەپێ بڕۆین یا سواری ترام بین.»

- «پەیتوونێکی تر هەر دێ. پەیتوونەکان لێرەوە تێپەڕ دەبن.»

گوتی: «ئەوە یەکێکی تر هات.»

پەیتوونچییەکە ئەسپەی وەستاند. نیشانە میتالیە پارە ژمێرەکەی هێنایە خوارەوە. چەتری پەیتوونەکەش بەرزبوو. چەند دڵۆپە بارانێ کەوتبووە سەر چاکەتەکەی و شەپقەکەشی لە تەڕیان دەدرەوشایەوە. لەسەر کورسی دواوە بەدووقۆڵی لێی دانیشتین. چەترەکەی ناوەوەی پەیتوونەکەی کردبووە شەوە ڕەشە.

- «پێت گوتووە، بۆ کێ بچێ؟»

- «بۆ ئێستگە، لە بەرامبەر ئێستگەکە ئوتێلێ هەیە. دەتوانین بچینە وێندەر.»

- «جا بەم حاڵە و بەبێ کەلوپەل دەتوانین بچینە وێندەر؟»

گوتم: «بەڵێ.»

بەسواری پەیتوون و لەبەر باران، ماوەی ڕێگاکە بۆ ئێستگە دووربوو.

کاترین پرسی: «شێو نەکەین؟ دەترسم برسیم بێ.»

- «لە ژووری ئوتێلەکە نان دەخۆین.»

- «هیچم نییە لەبەری بکەم. جلی شەوانەشم نییە.»

- «دانەیێ پەیدا دەکەین.»

بەپەیتوونچییەکەم گوت: «بڕۆ سەر شەقامی مازۆنی.»

پەیتوونچییەکە سەری خۆی لەقاند بۆ لای چەپی سووچەکەی تر سووڕاینەوە. لەشەقامێکی گەورە کاترین چاوی لە دووکانێ دەگێڕا.

گوتی: «ئەمەتە دوکانێ.»

منیش پەیتونچییەکەم ڕاگرت. کاترین دابەزی و شۆستەکەی بڕی و چووە دووکانەکەوە. منیش لەناو پەیتوونەکە دانیشتم و چاوەڕێم کرد باران بوو. هەستم بەبۆنی تەڕایی شەقامەکە کرد. ئەسپەکەش هەڵمی لێ هەڵدەستا. کە گەڕایەوە گورزەیەکی بچووکی بەدەستەوە بوو سواری پەیتوونەکە بووەوە. دەستمان بەڕۆیشتن کرد.

– «دەستم زۆر بڵاوە. بەڵام شەوێکی جوانە.»

لەبەردەم ئوتێلەکە داوام لە کاترین کرد لەناو پەیتوونەکە بمێنێ. منیش چووم قسەم لەگەڵ ئوتێلچییەکە کرد. ئوتێلەکە ژووری زۆری تیابوو. ئەوجا گەڕامەوە پەیتوونەکە و پارەی پەیتوونچییەکەم دا. من و کاترین پێکەوە چووینە ئوتێلەکە. مێردمنداڵێک گورزەکەی لە دەستم وەرگرت و ئوتێلچییەکەش خۆی بۆمان دانەواند و تا لای بەرزکەرەوەکە لەگەڵمان هات. ژمارەیێ پلاکی مسی مەخمەلی سووری تیابوو. ئوتێلچییەکە لەگەڵمان سواری بەرزکەرەوەکە بوو.

– «حەز دەکەن لە ژوورەکەتان نانی ئێوارە بخۆن؟»

– «بەڵێ، زەحمەت نەبێ لیستەی خواردنمان بۆ نانێرییە سەرەوە؟»

– «بۆ نانی ئێوارە دڵتان خواردنی تایبەتی وەکو باڵندەی ڕاوکراو یان سۆفیلە دەبا؟»

بەرزکەرەوەکە سێ نهۆمی بڕی لەهەر نهۆمێ قرتەیەکی لێوە دەهات دواجار قرتەیەکی لێوە هات و وەستا.

– «لە فڕەندەی ڕاوکراو چیتان هەیە؟»

– «کەڵەشێری کێوی و کەڵەشێری دارستان[1]؟»

بەناو ڕاڕەوی ئوتێلەکەدا ڕۆیشتین ئەو بەڕەی ڕاڕەوی ئوتێلەکەی پێ ناوپۆش کرابوو، شڕ ببوو. ژمارەیێ دەرگای زۆریشی تیابوو، کارگێڕەکە هەڵوێستێکی کرد، دەرگایەکی بەکلیل کردەوە و خستیە سەرپشت.

– «ئەمە ژوورەکەتانە. ژوورێکی دڵارایە.»

مێردمنداڵەکەش گورزەکەمانی لەسەر مێزی پێشەوەی ژوورەکەی دانا. ئوتێلچییەکەش پەردەی ژوورەکەی لادا و گوتی:

«دەرەوە تەمە.»

کەلوپەلی ژوورەکە بەمەخمەلێکی سوور ڕووپۆش کرابوو. چەند ئاوێنەیەک و دوو کورسی و چوارپایەکی گەورەی تیابوو. چوارپایەکە بەقوماشی (ساتان) ڕووپۆش کرابوو. دەرگایەکی تیابوو. بۆ سەر شۆرک دەچوو. ئوتێلچییەکە گوتی: «لیستەی

(١)کەڵەشێری کێوی: باڵندەیەکی جوانی کلک درێژە و لەکەڵەشێر و تاوس دەچێ (چرپۆڕ).
کەڵەشێری دارستان: باڵندەیەکی گۆشت خۆری قاوەیی مەیلەو ڕەشی چاو گەورەی دەنووک درێژە.

خواردنتان بۆ دەنێرم.»

خۆی بۆ دانەواندین و چووە دەرەوە. چوومە لای پەنجەرەکەوە. تەماشای دەرەوەم کرد. پەتی پەردە مەخمەلییە سوورە ئەستوورەکەم ڕاکێشا. کاترین لەسەر چوارپایەکە دانیشتبوو تەماشای چلچرای کریستاڵی دەکرد.

شەپقەکەی لەسەر کردبۆوە، پرچی لەژێر ڕووناکی دەبریسکایەوە. خۆی لە ئاوێنەیەکدا بینی. دەستی خۆی بۆ پرچی بەرزکردەوە. منیش ئەوم لە سێ ئاوێنەی تردا دەبینی. هیچ نیشانەیەکی کەیفخۆشی لێ دیار نەبوو. چارۆگەکەشی کەوتە سەر چوارپایەکە.

– «چیتە، ئازیزم؟»

گوتی: «هەرگیز درکم بەوە نەبردووە کە وەکو سۆزانی بم.»

منیش گەڕامەوە لای پەنجەرەکەوە پەردەکەم لادایەوە و سەیری دەرەوەم کرد. لەو باوەڕەدا نەبووم ڕیسەکەم لێ ببێتەوە خوری و هەڵوەشێتەوە.

– «بەڵام تۆ سۆزانی نی؟»

– «دەزانم، بەڵام کارێکی زۆر گرانە کە هەست بکەیت وایت.»

دەنگی وشک و کپ دەهاتە بەرگوێ.

– «ئەمە باشترین ئوتێلە کە دەتوانین ڕووی تێ بکەین.»

ئەمەم گوت و سەیری دەرەوەم کرد. لە بەرامبەر گۆڕەپانێکەوە گلۆپەکانی ئێستگە دیار بوون. پەیتوونیش بەنزیک ئوتێلەکە بەسەر شەقامەکەدا تێپەڕ دەبوون، دار و درەختی باخچەکەشم بینی، گلۆپی ئوتێلەکەش لەسەر شۆستە تەڕەکەدا دەبریسکانەوە. لە دڵی خۆمدا گوتم:

«ئۆهـ، جەهەنەم، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەم کاتە بەم گفتوگۆیە بەرمەسەر.»

کاترین گوتی: «تکایە، وەرە سەر ئێرە.»

لەگەڵ ئەم قسەیە ڕووگرژی سەروسیمای بەتەواوی بزر بوو.

– «تکایە وەرە لام، جنەکانم لا نەمان[1]، بوومەوە کچێکی باش.»

سەیرم کرد زەردەخەنەیەکی گرت. منیش چوومە سەر چوارپایەکە و لەتەنیشتی دانیشتم و ماچم کرد.

– «ئایا تۆ دەزگیرانی باشی منی؟»

– «بێ گومان من دەزگیرانی تۆم.»

پاش نانخواردن هەستم بەچاکبوونەوە کرد. پاش کەمێکی تر هەستمان بەکەیفخۆشی کرد. دوایی ئەوەندەی نەبرد وا هەستمان کرد کە ژوورەکە وەکو ژووری خۆمانە، ژوورەکەم لە نەخۆشخانە هی خۆمان بوو، بەهەمان چەشن ئەم ژوورەش ژووری خۆمانە.

(١) جنەکانم: لەجیاتی (گەڕامەوە) بەکارهاتووە.

لەو کاتەی نانمان خوارد کاترین کورتەکی منی بەسەر شانی خۆی دادابوو. زۆرمان برسی بوو، خواردنەکە جەمێکی باش بوو بوتڵێک کاپری و بوتڵێ (سات ئیسف)مان خواردەوە. من زۆربەی زۆریم خواردەوە. بەڵام کاترین کەمێکی خواردەوە. ئەمەش وای لێ کرد جۆش و خرۆش بیگرێت، نانی ئێوارەشمان بریتی بوو لە گۆشتی کەڵەشێری ناسراو بەکەڵەشێری دارستان لەگەڵ پەتاتە و سوفیلە و سەلاتە.

دوایش (زابلیۆنی) لە جیاتی شیرینی.

کاترین گوتی: «ژوورێکی خۆشە، دڵگرە، دەبوایە بەدرێژایی مانەوەمان لە (میلانۆ) لێرە بواینە.»

– «ژوورێکی سەیرە، بەڵام دڵگرە.»

کاترین گوتی: «خراپە شتێکی سەیرە، ئەو کەسانەی تیای ژیاون دەبێ تامیان چەشتبێ، ئەم مەخمەلییە سوورە جوانە. ئەمەش شتێکە ئاوێنەکانیش بەڕاستی سەرنج ڕاکێشن.»

– «تۆ کچێکی دڵگری.»

نازانم ئەم ژوورە بۆ بێداربوونەوەی بەیانیان چۆنە، بەڵام پیاو حەق بڵێ ژوورێکی خۆشە.»

پەرداخێکی ترم (سات ئستنێف)م تێ کرد.

کاترین: «خۆزیا، گوناهێکی بەڕاستیمان کردبا. تاکو ئێستا هەرچییەکی کردوومانە لەوە دەچێ سادە و بێ گوناه بێ، باوەڕناکەم خراپەمان کردبێ.»

– «کچێکی مەزنی.»

– «هەست بەبرسییەتی دەکەم، برسییەتیەکی ترسناک.»

– «تۆ کچێکی سادە و ئێسک سووکی.»

– «کچێکی سادەم، جگە لە تۆ تائێستا کەس نەیزانیوە.»

– «لەو ڕۆژەوەی کە تۆم بینی، پاش نیوەڕۆیەکم بەخەیاڵی تۆوە بردە سەر بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ چۆن دەکرێ ڕۆژێ من و تۆ پێکەوە بچینە ئوتێلی (کاڤۆر)، ئەگەر بچین دەبێ ئەو وەختە هەست بەچی بکەین؟.»

– «ئەمەش لە ئازایەتی خۆتە، بەڵام خۆ ئەمە ئوتێلی (کاڤۆر) نییە. وانییە؟»

– «نەخێر، ڕێگەمان نادەن بچینە ئوتێلی (کاڤۆر).»

– «ڕۆژێ دێ ڕێگەمان بدەن. بەڵام ئێمە زۆر جیاوازین، ئازیزم من بیر لە هیچ ناکەمەوە.»

– «هەرگیز بیری لێ ناکەمەوە؟»

– «بەدەگمەن بیری لێ دەکەمەوە.»

– «بەڕاستی کچێکی بەردڵی.»

پێکێ مەییم تێ کرد.

– «کچێکی زۆر سادەم.»

– «لەسەرەتادا وا بیرم کردەوە وام دەزانی کە شێتی.»

– «کەمێ سەرشێتم، پلەی شێتاتیم بەو ڕادەیە ئاڵۆز نییە، هیچ جارێ سەرم لە تۆ تێکنەداوە، وا نییە گیانەکەم؟»

– «مەی شتی باشە، هەموو شتی خراپ لە بیر دەبا.»

– «بەڕاستی بەتامە. بەڵام باوکمی تووشی نەخۆشی گۆتی کرد.»

– «باوکت ماوە؟»

– «بەڵێ، تووشی نەخۆشی گۆتی بووە. پێویست ناکا بیبینی. ئەدی تۆ باوکت نەماوە؟»

گوتم: «نەخێر زڕباوکم هەیە.»

– «ئەرێ گەر بیبینم دەکەوێتە بەر دڵم؟»

– «پێویست ناکا بیبینی.»

کاترین: «ئێمە بەختیارین. لەوە زیاتر بیر لە هیچ شتی تر ناکەمەوە. زۆر خۆشحاڵم کە شووم بەتۆ کردووە.»

خزمەتکارەکە شتەکانی بردەوە. تا ماوەیێ بێدەنگ بووین. گوێمان لە دەنگی باران بوو. لە خوارەوەش دید و هۆڕی ئوتومبیلان ڕۆژە ڕێیەک دەڕۆیی.

گوتم: «هەردەم لە دواوە گوێم لێیە.»

گالیسکە باڵدارەکەی کات، وا تاو دەدات.»

کاترین گوتی: «ئەو هۆنراوەیە دەزانم. هی (مارڤێلە) بەڵام دەربارەی ئەو کچەیە کە لای پیاو نامێنێتەوە.»

مێشکم ساف بوو، هەستم کرد دەبێ دەربارەی ڕاستییەوە قسە بکەم.

گوتم: «منداڵەکەت لەکوێ ببێ؟»

– «نازانم، باشترین شوێن بتوانم بیدۆزمەوە.»

– «باشە چۆن ئەمە ئەنجام دەدەی؟»

– «بەباشترین ڕێگە کە بتوانم ئەنجامی بدەم، نیگەران مەبە، ئازیزم لەوانەیە بەر لەوەی شەڕ تەواو بێ، ژمارەیێ منداڵمان ببێ.»

– «کاتی ڕۆیشتنە.»

– «دەزانم گەر مەیلی ڕۆیشتنت هەیە، هەر ئێستا دەتوانین بڕۆین.»

– «نەخێر.»

– «کەوابێ تەنگاو مەبە، ئازیزم، تائێستا باش بووی ئێستاش دڵتەنگ مەبە.»

– «دڵتەنگ نیم. مانگێ چەند جار نامەم بۆ دەنووسی؟»

– «هەموو ڕۆژێ. شتەکانت دەخوێننەوە؟»

– «ناتوانن بەو ڕادەیە ئینگلیزی بخوێننیتەوە، تا ئازاری خەڵکی پێ بدەین.»

– «نامەکانم بەدەستخەتێکی ناخۆش دەنووسم.»

– «بەڵام زۆر ناخۆش نەبێ.»

– «کەمێ بەدەستخەتێکی ناخۆش دەیاننووسم.»

– «دەترسم کاتی ڕۆیشتنم هاتبێ.»

– «زۆر باشە، ئازیزم.»

– «چەندم لە دڵ گرانە ماڵە جوانەکەم بەجێ بێڵم.»

– «منیش وەک تۆ.»

– «بەڵام دەبێ بڕۆین.»

– «ڕاستە، بەڵام زەمانە قەت وای نەکردووە بەینێکی خۆش پێکەوە بمێنین.»

– «ڕۆژێ دێ پێکەوە دەمێنینەوە.»

– «تا دەگەڕێیتەوە ماڵێکی خۆشت بۆ ئامادە دەکەم.»

– «کێ دەزانێ، لەوانەیە دەستبەجێ بگەڕێمەوە.»

– «لەوانەیە پێت کەمێ بریندار ببێ.»

– «نەخێر، دەمەوێ گوێیەکانت سەلامەت بن.»

– «ئەی پێیەکانم. حەز ناکەی وەکو خۆیان ساغ بن.»

– «ئاخر، قاچەکانت برینینان تائێستا وشک نەبوویتەوە.»

– «گیانەکەم دەبێ بڕۆین.»

– «باشە تۆ لە پێشدا بڕۆ.»

24

لەجیاتی ئەوەی بەبەرزکەرەوە دابەزین، بەپێبلکە دابەزینە خوارەوە. ئەو ڕایەخەی پێبلکەکەی پێ داپۆشرابوو شڕ ببوو. پارەی نانی ئێوارەم دا کە بۆیان هێنابووینە سەرەوە.

ئەو خزمەتکارەی خواردنەکەی هێنایە سەرەوە لەسەر کورسی لە نزیک دەرگاوە دانیشتبوو هەستایە سەر پێ و خۆی بۆ دانەواندین، لەگەڵی چوومە ژوورێکی لاپەڕە

کرێی ئوتێلم دایێ وا پێدەچوو ئوتێلچییەکە بەبرادەرێکی خۆیم تێگەییبێ. بۆیە نەیهێشت پێشەکی پارە بدەم. بەڵام کاتێ زانیویەتی بەهەڵەچووە خزمەتکارەکەی لەبەردەرگا داناوە نەبادا بێ پارەدان بچمە دەرەوە، لەم باوەڕەدام ئەم حاڵەتە ڕوویدابێ. هەتا لەگەڵ هاوڕێکانی خۆشی. خۆ شوکر پیاو لە ڕۆژگاری شەڕدا دۆست و برادەری گەلێ زۆرە.

داوام لە خزمەتکارەکە کرد پەیتوونێکمان بۆ بگرێ. خزمەتکارەکە گورزەکەی کاترینی لێ وەرگرتم، کە من هەڵمگرتبوو. بەسەیوانێ چووە دەرەوە. لە پەنجەرەوە بینیمان لە شەقامەکەدا لەژێر باران دەپەڕییەوە لە ژووی تەنیشتییەوە ڕاوەستاین. لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی کرد.

– «کات، چیتە؟»

– «خەوم دێ.»

– «هەست بەبرسییەتی دەکەم.»

– «چیت هەیە بیخۆی؟»

– «بەڵێ، لەناو جۆڕکەکەمە.»

پەیتوونێکی بینی هێروە هات، ڕاوەستا. ئەسپەکەش لەبەر باران سەری خۆی شۆڕکردبۆوە. خزمەتکارەکەی تیا دابەزی. سەیوانەکەی هەڵدا، بەرەو لای ئوتێل هات. لە دەرگاوە گەیشتنە یەک. هەر بەسەیوانەکەی ئەوەوە هاتینە دەرەوە. بۆ لای پەیتوونەکە ڕۆیشتین کە لەوبەری ڕێگاکەوە ڕاوەستابوو. ئاو بەجۆگەلەکاندا دەڕۆیی.

خزمەتکارەکە گوتی: «گورزەکەت لەسەر کورسی پەیتوونەکەیە.»

لەبن سەیوانەکەوە ڕاوەستا تا سواری پەیتوونەکە بووین. هێشتا نەمدا خزمەتکارەکە.

گوتی: «زۆر سوپاس، گەشتێکی خۆش.»

پەیتوونچییەکە جڵەوی بەرزکردەوە، ئەسپەکە دەستی بەڕۆیشتن کرد، خزمەتکاریش لەژێر سەیوانەکەوە گەڕایەوە ئوتێلەکەوە. بەشەقامەکاندا چووینە خوارەوە بەرەو لای چەپ سووڕاینەوە، دوایی بەرەو لای ڕاست... بەرەو ئێستگە، هاتینە بەردەم ئێستگە. دوو پۆلیسی قەرەبین لە شان لەژێر ڕووناکی لەبەر باران ڕاوەستابوون.

لەبەر تیشکی گڵۆپەکانی ئێستگەوە سەرکڵاوەکانیان دەبریسکایەوە. بارانەکە ڕوون و بلەورین بوو، کۆڵهەڵگرێ لەژێر کەپەنگی ئێستگەوە هاتە دەرەوە، لە ترسی باران سەروملی وێک هێنابووەوە.

گوتم: «نەخێر، سوپاس پێویستم پێت نییە.»

گەڕایەوە دواوە و چووەوە ژێر کەپەنگی تاقەکەوە، ڕووم بۆ لای کاترین وەرسووڕاند، سیمای کەوتبووە ژێر تارمایی چەتری پەیتوونەکەوە.

– «دەتوانین خوا حافیزی لەیەکتری بکەین.»

– «نابێ منیش بێمە ژوورەوە؟»

– «نەخێر.»

– «خواحافیز، کات.»

– «دەتوانی ناونیشانی نەخۆشخانەی بدەیتێ؟»

– «بەڵێ.»

ناونیشانی تەواوی نەخۆشخانەم دایە پەیتوونچییەکە تا بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، پەیتوونچییەکە سەری ڕەزامەندی لەقاند.

– «خواحافیز، زۆر ئاگاداریی خۆت و کاترینی بچووک بە.»

– «خواحافیز ئازیزەکەم.»

گوتم: «خواحافیز.»

لە پەیتوونەکە دابەزیم و هاتمە بەر باران. پەیتوونەکە ئۆغری کرد. کاترین خۆی لە پەیتوونەکە هێنایە دەرەوە، لەبەر ڕووناکییەوە سیمایم بینی بزەیەکی هاتێ، دەستی لێ هەڵشەقاندم. پەیتوونەکە چووە سەر شەقامەکە. کاترین دەستی خۆی بۆ تاقی ئێستگەوە ڕاکێشا. ئاوڕم دایەوە، چاوم بەدوو قەرەبینا لەشانەکان و تاقەکەوە کەوت، تێگەیشتم مەبەستی ئەوەبوو لەژێر باران نەوەستم، چوومە ژێر کەپەنگی تاقەکەوە. لەوێ وەستام. تەماشای پەیتوونەکەم کرد. تا لە سووچەکەوە وەرسووڕایەوە. ئینجا منیش بۆ ناو ئیستگە ڕۆیشتم، لەسەر پیادە ڕێیەکە بۆ لای شەمەندەفەرەکە چووم. کابرای دەرگەوان لەسەر شۆستییەکە وەستابوو، بەدوام دەگەڕا. بەدوای ئەوەوە چوومە ناو شەمەندەفەرەوە بەنێو خەڵکێکی زۆردا تێپەڕیم. تا لە دەرگایێ چوومە ژوورەوە. کابرای تۆپچی لە هۆبەیەکی پڕ خەڵک هەڵقونجابوو. هەگبەکەم و جۆڕکەکەم لەسەر ڕەفکەی تایبەت بەهەگبەوە لەسەر سەرییەوە داندرابوون. زۆر کەسی تر لە نێوان ڕاڕەوی ڤارگۆنەکەوە بەپێوە وەستابوون. پیاوانی ناو ڤارگۆنەکەش زەق زەق تەماشای ئێمەیان کرد، کاتێ هاتینە ژوورەوە. ژمارەی کورسییەکانی شەمەندەفەرەکە تێڕای ئەو حەشاماتەی ناو شەمەندەفەرەکەی نەدەکرد و هەموو کەس لەگەڵ یەک دوژمنانە بوون. تۆپچییەکە هەستایە سەرپێ تا لە شوێنەکەی دانیشم، یەکێ دەستی لەسەر شانم دانا. ڕووم تێ کرد و چاوێکم دایێ چیم دی؟! بینیم کاپتنێکی تەژەندەی تۆپچی. قەتماغەیێ لەسەر چەناگەکەیەوە بوو لە بەرامبەرم وەستا. تومەز کاتێ لە ڕاوەکەوە بووین، لە جامەکەوە، سەیری کردووە، دوایی هاتووتە ژوورەوە.

لێم پرسی: «فەرموو، چیت دەوێ؟»

کە خۆم سووڕاند و ڕووبەڕووی بووم لەمن کەڵەگەتتر بوو، دەموچاویشی لەژێر سێبەری کڵاوەکەی سیسی ڕەقەڵەبوو. قەتماغەکەش تازەبوو دەبریسکایەوە، هەموو خەڵکەکەی ئەوێ تەماشیان دەکردم.

– «ناتوانی وا بکەیت، ناتوانی سەربازێ ڕاسپێری شوێنت بۆ بگرێ.»

– «ئەوە وام کرد.»

تفی قوت دایەوە، گرێی قوڕقوڕاگەیم بینی، بەرز بووەوە، دوایی دابەزییەوە خوارەوە تۆپچیش لە پێش شوێنەکە ڕاوەستا، خەڵکی تریش لە جامەکەوە سەیریان کرد. هیچ کەسێکی ناو ڤارگۆنەکە لێوی نەبزاڤت و نقەی لێوە نەهات.

مافی ئەوەت نییە وا بکەی. دوو سەعات بەر لە هاتنی تۆوە لێرە وەستاوم.»

– «ئێستا چیت دەوێ؟»

– «کورسییەک.»

– «منیش وەکو تۆ کورسیم دەوێ.»

سەیری سەر و سیمایم کرد. توانیم هەست بەوە بکەم کە ئەو هەموانەی لەناو ڤارگۆنەکە دژی منن. گلەییم لێیان نەدەکرد. مافی خۆی بوو. بەڵام منیش کورسیم پێویستە. هیچ کەسێ نقەی لێوە نەهات «ئەی دۆزەخ» لەدڵی خۆمدا وام گوت.

ناچار گوتم: «دانیشە سپیورکابیتانۆ.»

تۆپچییەکە ڕێگای بۆ کاپتنی کەڵەگەت کردەوە. لە شوێنم دانیشت، سەیری منی کرد. ئاگر لە چاوی دەباری بەڵام هەرچۆنێ بێ کورسییەکەی گرت بەتۆپچییەکەم گوت: «شتەکانم بێنە.»

چووینە ڕاڕەوەکەوە. شەمەندەفەر جمەی دەهات. زانیم تازە جێگام دەست ناکەوێ. دە لیرەم دا بەهەریەکەیان. بەناو ڕاڕەوەکەوە ڕۆیشتن و دابەزینە خوارەوە. لەدەرەوە لەسەر شۆستەکە لەجامەکەوە سەیری ناوەوەیان دەکرد. هیچ شوێن نەبوو. دەرگەوان گوتی: «لەوانەشە ژمارەیەکی پتر لەوێ سواری شەمەندەفەربن.» تەوقەم لەگەڵ کردن و خواحافیزیم لێ کردن و ڕۆیشتن، بەڵام هەردووکیان هەستیان بەپەژارەیی کرد. کاتێ شەمەندەفەرەکە دەستی بەڕۆشتن کرد، ئێمە هەموومان لەناو ڕاڕەوەکەی شەمەندفەرەوە، ڕاوەستابووین سەیری گڵۆپەکانی ئێستگە و گۆڕەپانەکەم کرد، لەدەرەوەش باران بەردەوام بوو. زوو بەزوو پەنجەرەکان باراناوی بوون، ئیتر نەم دەتوانی دەرەوە ببینم. دوایی چار ناچار لەسەر عاردی ڕاڕەوەکەوە کەوتمە خەو. بەر لە خەوتن پارە و دەفتەری تێبینییەکانم لەناو گیرفانی کراس و پانتۆڵم دانا کە دەگەیشتە دەلینگم. بەدرێژایی شەو کەوتمە شیرین خەوەوە، کاتێ خەڵک لە (بریسکا) و (دڤیرۆنا) سواری شەمەندەفەر بوون بێدار بوومەوە. بەڵام هەندی بڵێیی یەک و دوو لێکەوتمەوە خەو. سەرم بەجۆڕکێک کردبوو باسکیشم لەوی تر وەرینابوو. هەستم بەگرانی جۆڕکەکە دەکرد. هەر کەسێ بیویستبایە پێم لێ نەنێ، دەیتوانی بەسەرم پازی دابایە، خەڵکێکی زۆر بەدرێژایی ڕاڕەوەکەوە لەسەر عاردەکەوە نوستبوون، هەندێکی تریش خۆیان بەئاسنی پەنجەرەکەوە گرتبوو یان پاڵیان بەدەرگاوە دابوو. ئەم شەمەندەفەرە هەمیشە وا جەنجاڵ بوو.

کتێبی سێیەم

25

لە پایزدا دارەکـان ڕووت بوون و ڕێگاکـانیش قـوڕاوی بوون. لە (ئۆدینەوە) بەسـواری لۆریێ بۆ (گوریزیا) کەوتمەڕێ. لۆرییەکانی تری سەر ڕێگاکەمان بەجێهێشت. سەیری پێـدەشـتی دەوروبەرم کـرد. دارتـووەکـان ڕووت بـوونەوە کـێـڵگەکـانیش قـاوەیی بوون ڕێگاکە گـەڵای تەڕی وەریوی لەسـەر بوو کـە لە ڕیزەدارە ڕووتبـووەکـان هەڵوەریبـوون و ژمـارەیێ کـرێکاریشی لەسـەر بـوو. کـە لە ڕێگاکـە کـاریان دەکـرد. جـێی تایەی سـەر ڕێگاکـەیان بەو پەلەبەردانە پڕ دەکـردەوە کـە لە نێـوان دارەکـانی هەردوولای ڕێگاکـەوە قـۆمـەت کـرابوون. شـاری (گـوریزیا)مـان لێ بەدیارکـەوت. تەمـومـژ باڵی بەسـەردا کـێشـابوو، چیـاکـانیشی لەبەرچاوان ڕوون کـردبوو. لە ڕووبارەکـەوە پەڕینەوە ئاوەکـەی بەخوڕ دەڕۆیشت. لە چیاکاندا باران بوو. هاتینە ناوشار، بەلای کـارگـەکـان تێپـەڕین، پاشان بەخانووەکـان و سـاختـمانەکـان. ژمارەی خـانووە پێکراوەکـان لە جـاران زۆرتر ببوون. لەشەقامێکی تەسکدا بەلای ئوتومبیلێکی فریاگوزاری خاچی سووری بەریتانی تێپـەڕین. شـوفـێـرەکە شـەپقـەیەکی لەسـەر نابـوو، دەمـوچاو سـیس و لەکـەداربـوو. ئەوم نەدەناسی. لە گۆڕەپانێکی گەورە لەبەرامبەر خانووی مێجەری شار لە لۆرییەکە دابەزیمە خـوارەوە. شـوفـێـری لۆرییـەکـە جـانتـاکـەی پشـتـمی دایە دەسـتم و بەکـۆڵم دادا. دوو جۆرکەکەی تریش بەدەستەوە تەکە تەکی بوو ملم لەڕێ نا، ڤێلاکەمانم گرتەبەر. هەستم بەجۆشی بەرەوماڵ بوونەوە نەدەکرد. بەسەر ڕێگا چەوڕێژەکەی ئۆردووگاوە شۆڕبوومەوە. لە نێوان دارەکاندا سەیری ڤێلاکەمـانم دەکرد. پەنجـەرەکانی هەمـوو داخرابوون، بەڵام دەرگاکەی لەسەر پشت بوو چوومە ژوورەوە مێـجەرم بینی لەسـەر مێـزی ژوورێکی بێ کـەلوپەل، کـە نەخشـە و بەیاننامـەی چاپکراوی لەسـەر دیـوارەکـانی هەڵواسـرابوو، دانیشتبوو.

گوتی: «ڕۆژ باش، چۆنی؟»

کابرا پیرتر و وشکتر دەهاتە بەر چاوم.

گوتم: «باشم، دەنگوباس چییە؟»

– «هەموو شتێ دوایی هات شتەکانت دابنێ و دانیشە.»

گورزەکەمم دانا و، دوو جۆرکەکەشم لەسەر زەوی دانا. شەپقەکەشم لەسەر گورزەکەم دانا، کورسییەکەی ترم لەلای دیوارەوە هێنا و لە نزیک مێزەکەوە لەسەری دانیشتم.

مێجەر پرسی: «هاو بێزار بوو، ئەرێ هاتوویتەوە سەرخۆت؟»

– «بەڵێ.»

– «ئاخۆ ئافەرینی ئازایەتیت وەرگرتووە؟»

– «بەڵێ... وەرم گرتوون. زۆر سوپاس.»

– «دەبا بیانبینم.»

زریزەی چاکـەتەکـەمم داکـێشـا، چاکـەتەکـەم وەلادا، تاتوانی هەردوو شـەریتـەکـە ببینی.

– «ئەی مەدالیات وەرگرتووە؟»

– «نەخێر، تەنیا فرمانەکەیم بەدەست گەیشتووە.»

– «مەدالیاکان دوایی دەگەنە دەستت. ماوەی دەوێ.»

– «چ خزمەتێکت هەیە ئەنجامی بدەم.»

– «ئوتومـبـیلەکـان هەمـوویان لەبەرەی جـەنگن. شـەشـیـان لە باکوورن لە ناوچەی (کاڕپۆرتیون)ن، (کارپۆرتیون) پێدەزانی؟»

– «بەڵێ.»

هاتەوە بیرم. (کـارپۆرتـیـون) شارێکی مەیلەو سپییە. کەوتۆتە دۆڵێکەوە. قـوللەی زەنگی تێدایە. شارۆچکەیەکی خاوێنە و قەڵبەزەیەکی جوان لە گۆڕەپانەکەیدا هەیە.

– «لەوێ کار دەکەن. ژمارەیێ نەخۆشی لێیە. شەڕیش لەوێ کۆتایی هاتووە.»

– «ئەی ئوتومبیلەکانی تر لەکوێن؟»

–«دوو لەسـەر چیـاکـانن، چواریش هێـشـتـا لە (بێنێـزا) مـاونەتەوە دوو تیـپی فریاگوزاری تریش لەگەڵ سوپای سێیەم لە (کارسۆن) کاردەکەن.»

– «هیچ فەرمایشتێکت هەیە ئەنجامی بدەم؟»

– «گـەر ئارەزووت لێـیە دەتوانی بچیت چوار ئوتومـبیلەکەی (بێنێـزا) وەربگریت. (گینۆ) ماوەیەکی زۆرە لەوێیە. تۆش ئەو ناوچەیەت نەدیوە. دیوتە؟»

– «نەخێر، نەم دیوە.»

– «ناوچەیەکی تووشە، سێ ئوتوموبیلمان لەوێ لێ فەوتاوە.»

– «ئەوەم زانیوە.»

– «بەڵێ. ڕینالدی بۆی نوسیبووی.»

– «ئەی ڕینالدی لە کوێیە؟»

– «لێرە، لە نەخۆشخانەیە، هاوین هات و پایز چوو ئەو هەر لێرە بووە.»

– «پێت باوەڕ دەکەم.»

– «بارودۆخ زۆر ناخۆش بوو، لەوانە ڕادەی تووشی و ناخۆشییـەکـەی باوەڕ ناکەی، وا هەست دەکەم تۆ بەختت هەبوو کە لەوێ بریندار کرای.»

- «دەزانم. بەختم هەبوو.»

- «ساڵی ئاینده، تووشتر دەبێ، لەوانەیە هەر ئێستا هێرش بێنن. بڕیاری ئەوەیان داوە کە هێرش دەست پێبکەن. بەڵام باوەڕ ناکەم. وەختی ئەوە بەسەر چووە، ڕووبارەکەت بینی چۆن بوو؟»

- «بەڵێ، زیادی کردبوو.»

- «باوەڕناکەم لەو ناوەختەدا هێرش بەرن. باران دەستی پێکردووە بەفریش هەر بباریَ دەبارێ. ئادەی شتێکم دەربارەی هاوڵاتییە ئەمریکییەکانتم پێ بڵێ. ئاخۆ دەبێ کەسی ئەمریکی تری وەکو تۆمان لەگەڵ کار بکا؟»

- «سوپایەکی ئەمریکی دە ملیۆنی مەشق دەدەن.»

- «بەو هیوایەم هەندێکمان لەوانە بەرکەوێ. بەڵام فەرەنسا هەمووی دەکا هیچی بەر ئێمە ناکەوێ. باشە، تۆ ئەمشەو لێرە دەمینێی بەیانی لەگەڵ ئۆتومبیلێکی بچووک بچۆ (گینۆ) بنێرەوە. یەکێکی شارەزای ڕێگاکەت لەگەڵ دەنێرم. (گینۆ) هەموو شتێکت پێ دەڵێ. هەرچەندە ناوبەناویش تاکوتەرا تۆپ دەهاوێشترێن. بەڵام شەڕ کۆتایی هاتووە. تۆش حەزدەکەی (بانیسێنزا) ببینی؟»

- «خۆشحاڵم بەدیتنی (بانیسێنزا) و شادمانم بەگەڕانەوەم بۆ لای جەنابت، مایگێڕۆ.»

بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: «لە چاکە و لوتفی خۆتە، ئەوەی ڕاستی بێ لەم شەڕە بێزار بوومە. گەر دوورکەومەوە هەرگیز باوەڕناکەم بگەڕێمەوە.»

- «بارودۆخ بەو ڕادەیە بەدە؟»

- «بەڵێ ئەوەندە خراپە و پتریش، بڕۆ سەرکەوە خۆت بشۆ، ڕینالدی هاوڕێت بدۆزەوە.»

چوومە دەرەوە و جانتاکانم هەڵگرت و بەپێپلکە سەرکەوتم. ڕینالدی لە ژوورەوە نەبوو، بەڵام شتەکانی لەوێ بوون. منیش لەسەر قەرەوێڵە دانیشتم، بەلەکپێچەکەم کردەوە و پێڵاوی ڕاستەمم لەبەرکردەوە، پاشان لەسەر گازی پشتێ لەسەر قەرەوێڵەکە لێ پاڵکەوتم. ماندووبووم، پێی ڕاستەمم بەئازار بوو، پاڵکەوتنم لەسەر جێگە بەتاکە پێڵاوەکەوە شتێکی ناشرین بوو. بۆیە هەستامەوە قەیتانی تاکی چەپیشم شل کردەوە، پێڵاوەکەم فڕێدایە سەر زەوی. پاشان لەسەر پەتۆکە جارێکی تر پاڵکەوتمەوە. هەوای ژوورەکە لەبەر داخرانی پەنجەرەوە بۆگنخاو ببوو. بەڵام لەبەر شەکەتی توانای هەستان و کردنەوەیم نەبوو شتەکانم هەموو لە قوژبنێکی ژوورەکەوە دانرابوون. تاریکی باڵی بەسەر دەرەوە داکێشابوو، لەنێو جێگە پاڵکەوتم و کەوتمە بیرکردنەوە لە (کاترین). چاوەڕێی ڕینالدی بووم. خۆم وام دانابوو کە شەو بەر لە نوستن نەبێ، بیر لە (کاترین) نەکەمەوە. بەڵام لەبەرئەوەی زۆر ماندوو بووم و هیچ شتێ نەبوو خۆمی پێوە خەریک

بکەم. بۆیە هەر لەسەر قەرەوێڵە ڕاکشان و بیرکردنەوەم یەک بوو. کە (ڕینالدی) بەژوورکەوت بیرم لە (کاترین) دەکردەوە، ڕینالدی هەروەکو خۆی مابووەوە. بەڵام کەمێ لاواز ببوو.

ڕینالدی گوتی: «باشە. ڕۆڵە»

لەسەر جێگە هەڵسامەوە. بەرەو لام هات. لەسەر قەرەوێڵە دانیشت و دەستی لەملم کرد، گوتی: «پیرەکۆر، باسەیرێکی چۆکت بکەم.»

شەپێکی توندی لە پشتم دا، منیش دەستەکانیم گرت.

گوتم: «دەبێ پانتۆڵەکەم لەبەر بکەمەوە.»

- «ڕۆڵە لەبەری بکەوە، ئێمە هەموو لێرە برادەری یەکترین. دەمەوێ بزانم چ ئیشێکیان بۆت کردووە.»

هەستامەوە سەرپێ پانتۆڵەکەمم لەبەرکردەوە، شاشی سەربرینەکەم کردەوە. ڕینالدی لەسەر زەوییەکە دانیشت، چۆکمی بۆ پاش و پێش چەماندەوە پەنجەکانی زۆر بەخێرایی بەسەر قەتماغەکەدا برد، ئینجا بەپەنجە گەورەکانی هەردوو دەستی، کڵاوەی ئەژنۆمی بەهێواشی جوولاندەوە.

- «هەر ئەوەندە دەچەمێتەوە؟»

- «بەڵێ.»

- «تاوانە تۆ ڕەوانەی جەنگ دەکەنەوە، دەبوایە بەتەواوی بچەمابایەوە.»

- «لە پێشتر زۆر چاکترە، جاران ڕەق بوو وەک تەختەدار وابوو.»

ڕینالدی قاچمی زیاتر چەماندەوە. منیش تەماشای دەستەکانیم دەکرد، دەستێکی نژدارانەی چاپووکی هەبوو. تەماشای تەوقی سەریم کرد، پرچی دەدرەوشایەوە. بەچاکی شانەی کردبوو. ئەمجارە قاچمی یەگجار چەماندەوە.

گوتم: «ئۆخ!.»

گوتی: «دەبوایە بەئامێر زیاتر چارەسەری کرابایە.»

- «لەجاران چاکترە.»

- «ئەوە دەزانم، ئەوە شتێکە، من لەتۆ زیاتری لێ دەزانم.»

هەستایە سەرپێ لەسەر تەختەکە دانیشت.

خەریکی تەواو بوون بوو گوتی:

- «چۆکت ئێشەکەی پوختەیە. دەربارەی هەموو شتێ قسەم بۆ بکە.»

- «هیچ شتێ نییە باسی بکەم. ڕۆژگارێکی خامۆشم بردەسەر.»

- «وەکو پیاوێکی ژندار دەجوولێیتەوە. چییە؟»

ڕینالدی دەستی لە ئەژنۆی خۆی وەرێنا.

- «ئەم شەڕە دەمکوژێ. ئەم شەڕە غەمباری کردووم.»
- «گوتم: «ئاه.»
- «مەسەلە چییە؟ بۆچی نابێ هەست و نەستێکی مرۆڤایەتیم هەبێ؟»
- «نەخێر، دەتوانم، دەتوانم ڕەنگوڕووی خۆشیت لێ بەدی بکەم، ئادەی پێم بڵێ؟.»
- «بەدرێژایی هاوین و پایز نەشتەرگەریم کردووە. لە ئیشدا بوومە. ئیشی هەموو کەسێکم ڕاپەڕاندووە. بەخوا ڕۆڵە، هەر ئەوەندەت زانی بووم بەنۆژدارێکی بەناوبانگ.»
- «ئەوەم بەدڵە.»
- «قەت بیرناکەمەوە. نەخێر، بەخوا بیرناکەمەوە. تەنیا ئیشی نەشتەرگەری دەکەم.»
- «ئەمە ڕاستە.»
- «بەڵام ئێستا ڕۆڵە وا هەموو شتێ دوایی هات. نەشتەرگەری ناکەم ئەمەیە تەنگی پێ هەڵچنیوم و بێزاری کردووم. شەڕێکی ترسناکە. باوەڕم پێ بکە. ئێستا تۆ ورەی منت بەرز کردۆتەوە. ئاخۆ ئەو قەوانەی پێم ڕاسپاردبووی بۆت هێناوم.»
- «بەڵێ.»

قەوانەکان بەقاقەز پێچرابوون لەناو کارتۆنی ناو هەگبەکەم دانابوون. بەڵام زۆر شەکەت بووم توانای دەرهێنانیانم نەبوو.

- «ئەی تۆ ڕۆڵە هەست بەخۆشی ناکەی؟»
- «هەست بەدۆزەخ دەکەم.»

ڕینالدی: «ئەم شەڕە زۆر سامناکە. وەرە ژوورەوە. با هەردووکمان خۆمان مەست و سەرخۆش کەین و کەیفخۆش بین، ناخۆشی لە مێشکمان دوورخەینەوە، ئەوکات هەست بەخۆشی دەکەین.»

- «نەخۆشی زەرتکم هەیە ناتوانم بخۆمەوە.»
- «ئۆه، ڕۆڵە تۆ چۆن بۆم گەڕایتەوە. بەماندی و جگەرێکی نەخۆشەوە بۆم گەڕایتەوە. وا پێت دەڵێم ئەم شەڕە شتێکی بەد و خراپە کەوابێ لەبەرچی ئەم شەڕەمان هەڵگیرساند؟»
- «پێکێ دەخۆینەوە. نامەوێ سەرخۆش بم. بەڵام پێکێ دەخۆینەوە.»

ڕینالدی بەرەو لای مێزی دەستشۆر چوو، دوو پەرداخ و قاپێ کۆنیاکی هێنا.

- «کۆنیاکی نەمساوییە. نیشانەی حەوت ئەستێرەیە. ئەوە تاقە شتێکە لە (سان گبریل) دەستیان بەسەردا گرتبێ.»
- «لەوێ بووی؟»
- «نەخێر، لێرە بترازێ پێم بەهیچ شوێنێ نەکەوتووە. هەر لێرە بوومە و ئیشی

نەشتەرگەریم کردووە. سەیرکە ڕۆڵە ئەمە قالکی کۆنە فلچەی ددانتە. هەڵمگرتووە تا یادی تۆی پێ بکەمەوە.»

- «تا وەبیرت بێتەوە ددانت بشۆی.»
- «نەخێر، هی خۆشم لایە. بۆیە هەڵمگرتووە تا بەیانیانت بهێنمەوە یادم کە هەوڵت دەدا پاشماوەی (ڤیلارۆزا) لەسەر ددانەکانت لابەریت کە سوێندت دەخوارد و ئەسپیرینت قووت دەدا جنێوت بەسۆزانییەکان دەدا هەر کاتێ ئەم قالکە دەبینم ئەوەم دێتەوە یاد کە هەوڵت دەدا ویژدانی خۆت بەفلچەی ددان پاکژ کەیتەوە.»

ڕینالدی بۆ لای تەختەکەم هات و گوتی: «ماچێکم بکە، پێم بڵێ بەڕاستیت نەبووە.»

- «ماچت ناکەم. تۆ مەیموونی.»
- «دەزانم، تۆ خورتێکی ئەنگلۆسەکسۆنی باشی. چاک دەزانم، دەزانم تۆ کوڕێکی پەشیمان بۆوەی. دەبێ چاوەڕێ کەم تا بەچاوی خۆم ببینم کە ئەنگلۆسەکسۆنی بەفلچەی ددان سۆزانێ دوور دەخاتەوە.»
- «کەمێ کۆنیاک لە پەرداخەکە بکە.»

پەرداخەکانمان لێکدا و خواردمانەوە، ڕینالدی پێم پێکەنی و گوتی: «سەرخۆشت دەکەم، جگەرت دەردێنم، جگەرێکی ئیتاڵی باشت لە جیاتی بۆ دادەنێم. جارێکی تر دەتکەمەوە پیاو.»

پەرداخەکەم بەکەمێ کۆنیاکەوە هەڵگرت و چوومە لای پەنجەرەوە، دەرەوە تاریک ببوو. پەنجەرەکەم کردەوە باران وەستابوو، دەرەوەش سارد ببوو، تەمومژ سەر درەختەکانی داپۆشیبوو.

ڕینالدی گوتی: «نەکەی کۆنیاکەکە لە پەنجەرەکەوە فڕێ دەیتە دەرەوە گەر توانای فڕکردنیت نییە بیدەرەوە خۆم.»

- «خەریکی ئیشی خۆت بە.»

بەدیتنی ڕینالدی خۆشحاڵ بووم. دوو ساڵی ڕەبەقی بەگاڵتەوگەپ لەگەڵم بردە سەر. گاڵەکانیم بەدڵ بوو. هەردووکمان چاک لەیەکتری تێدەگەیشتین.

لەسەر تەختەکەوە پرسی: «ژنت هێناوە؟»

پشتی خۆمم بەدیوارەکەوە دابوو لە نزیک پەنجەرەکەوە ڕاوەستابووم، گوتم: «نەخێر هێشتا نەم هێناوە.»

- «ئایا کەوتوویتە داوی خۆشەویستییەوە؟»
- «بەڵێ» ،
- «لەگەڵ کچە ئینگلیزەکە؟»

– «بەڵێ.»

– «ئەی ڕۆڵە، باشە ئەو لەگەڵت دەگونجێ؟»

– «هەڵبەت.»

– «مەبەستم ئەوەیە: ئاخۆ ئەو بەشێوەیەکی پراکتیکی لەگەڵت دەگونجێ؟»

– «بێدەنگ بە قسەی وا مەکە.»

– «قسەی واناکەم، بەڵام دوایی خۆت دەبینی کە من پیاوێکی لەوپەڕی نیانی دام. ئاخۆ ئەویش...؟»

گوتم: «ڕێنین. تکایە قسەی وا مەکە. ئەگەر دەتەوێ ببیتە برادەرم بێدەنگ بە.»

– «نامەوێ ببم بەبرادەرت چونکە هاوڕێتم.»

– «کەوابێ بێدەنگ بە.»

– «زۆر باشە»

چوومە سەر تەختەکە، لە تەنیشتی دانیشتم، ڕینالدی پەرداخەکەی بەدەستەوە گرتبوو. چاوی بڕیبوونە زەوی.

– «تێگەیشتی ڕینالدی. وانییە؟»

– «ئۆ، بەڵێ، بەدرێژایی ژیانم سەرپێچی مەسەلە پیرۆزەکانم کردووە، بەڵام لەگەڵ تۆ بەدەگمەن وا گونجاوە وام کردبێ. لەو باوەڕەش دام کە تۆش کەمێ لەو مەسەلانەت لا هەیە.»

دووبارە چاوی لە عاردی بڕینەوە.

– «ئەی تۆش ئەو مەسەلانەت لا نییە؟»

– «نەخێر.»

– «هەرگیز.»

– «نەخێر.»

– «ئاخۆ من دەتوانم ئەم قسانە بەدایک و خوشکت بڵێم؟»

ڕینالدی بەگوڕ گوتی: «بە خوشکەکەت بڵێم؟[1]»

هەردووکمان دامانە قاقای پێکەنین.

گوتم: «ئەی پیرە سوبیرمان.»

ڕینالدی گوتی: «من ئیرەییت پێ دەبەم»

– «نەخێر، تۆ وانی.»

– «مەبەستم ئیرە نییە. مەبەستم شتی ترە. تۆ هیچ برادەرێکت هەیە ژنی هێنابێ.»

(١) مەبەست لە خوشکەکەت: کاترینە.

گوتم: «بەڵێ.»

ڕینالدی: «نەبرادەرم هەیە ژنی هێنابێ، وە نەبرادەرم هەیە کەوتبێتە داوی خۆشەویستییەوە.»

– «لەبەرچی نیتە.»

– «منیان خۆش ناوێ.»

– «لەبەرچی؟»

– «من مارم، ماری بیر و هۆشم.»

– «تێکەڵ و پێکەڵت کرد. سێو نیشانەی بیر و هۆشە.»

– «نەخێر مار نیشانەی بیر و هۆشە.»

ئەو زیاتر کەیفخۆش بوو.

گوتم: «تۆ لەوکاتەدا چاکتری کەوا قووڵ بیر ناکەیتەوە.»

گوتی: «تۆم خۆشدەوێ، نەزان، بەڵام کاتێ من دەبم بەزانایەکی ئیتاڵی مەزن، تۆ عەیبت؟! لە قسەکانم دەبینیەوە. زۆر شت دەزانم بەڵام ناتوانم بیان دركێم. زۆر لە تۆ زیاتر دەزانم.»

– «بەڵێ ئەمە ڕاستە.»

– «بەڵام کاتێکی خۆشترت دەبێ. هەتا لەکاتی پەشیمانیش کاتێکی خۆشترت دەبێ.»

– «بەو نزایە ناڵێم ئامین.»

– «ئا، بەڵێ، ئەمە ڕاستە. من تەنیا لەوکاتەدا کەیفخۆشم کە کاردەکەم.»

ئەمەی گوت و دیسان چاوی لە عاردی بڕینەوە.

– «بەسەر ئەمە زاڵ دەبی.»

– «نەخێر، من حەز لە دوو شتی تریش دەکەم. یەکێکیان زیانی بۆ کارەکەم هەیە، ئەوی تریشیان لەماوەی نیو سەعات یا پازدە دەقەیێ، هەندێ جار لەو ماوەیە بەکەمتریش تەواو دەبێ.»

– «لەوانەیە چاکتر بووبم. ڕۆڵە. تۆ نازانی بەڵام تەنیا ئەم دوو شتە و ئیشەکەمم هەیە.»

– «لەوانەیە شتی تازەش بەدەست بێنی.»

– «نەخێر، هەرگیز شتی تر بەدەست ناهێنی. ئێمە بەو هەموو شتانەی هەمانە لەدایک بووین، هەرگیز فێرنابین هیچ شتی نوێش بەدەست ناهێنین. ئێمە هەموومان بەتەواوی دەستمان پێکردووە، دەبێ بەوە کەیفخۆش بین ک لاتینی نەبووین.»

– «شتێکی وانییە ناوی لاتینی بێ. ئەوە بیرکردنەوەیەکی لاتینیانەیە. تۆ زۆر

شانازی بەکەموکوڕییەکانت دەکەی.»

ڕینالدی سەری بەرزکردەوە و پێکەنی: «دەبێ لە قسەکردن بوەستین، ئەوەندەی بیر بکەمەوە ماندوو و شەکەت بووم.»

ڕینالدی کە هاتە ژوورەوە پێدەچوو ماندووبێ.

– «کاتی نانخواردن هاتووە. دڵشادم بەگەڕانەوەت، تۆ باشترین هاوڕێی منی، برای هاوسەنگەری منی.»

پرسیم: «ئەی کەی بەیانی برایانی هاوسەنگەر نان دەخۆن؟»

– «هەر ئێستا، بەڵام بۆ خاتری جگەرت پێکێکی تر دەنۆشین.»

– «وەکو حەزرەتی پۆلیس.»

– «لەمەڕ ئەمەوە زۆر ورد نیت. ئەمە شتێک بوو پەیوەندی بەگەدە و مەیەوە هەبووە. کەمێ مەی لە پێناوی گەدەت بنۆشە.»

گوتم: «ئەوەی لەناو بوتڵەکەدا بمێنێ لەچاوی هەر شتێکی تۆ بیلێی دەینۆشم.»

ڕینالدی پەرداخەکەی بەرزکردەوە و گوتی: «لە چاوی کچە دۆستەکەت.»

– «زۆر باشە»،

– «لەمەودوا هەرگیز قسەی خراپ بەلایەنی ئەوەوە ناکەم.»

– «زۆر لە خۆت مەکە.»

کۆنیاکی ناو بوتڵەکەی خواردەوە، گوتی:

– «من دڵپاکم، وەکو تۆم، منیش کچێکی ئینگلیزی بۆ خۆم دەدۆزمەوە،. لەڕاستیدا من بەر لە تۆ دەزگیرانەکەتم ناسیوە. بەڵام کەمێ بۆ من درێژە. ئەوەندە درێژە بەخوشکم دەشێ.»

گوتم: «تۆ زەینێکی سافت هەیە.»

– «ئەی وانییە؟ هەر لەبەر ئەوەشە پێم دەڵێن ڕینالدی (پورسیمۆ)(١).»

– «ڕینالدۆی سپورسیمو(٢).»

– «دەنا تا زەینم سافە با بۆ نانخواردن بچینە خوارەوە.»

دەموچاوم شوشت و پرچم شانەکرد و بەپێپیلکە چووینە خوارەوە.

ڕینالدی کەمێ سەرخۆش بوو، لە ژوورەوە نانمان خوارد. خواردنەکەش باش ئامادە نەبووبوو.

ڕینالدی گوتی: «دەچم قاپێ دێنم.»

(١) پورسیمۆ: واتە زەین ساف.

(٢) گاڵتەباز.

بەسەر پێپیلکە کەوت و منیش لەسەر مێزەکە دانیشتم گەڕایەوە بوتڵێکی هێنا. بۆ هەر یەکیشمان نیوەی پەرداخی تێ کرد. پەرداخەکەم بەرزکردەوە دامەبەر ڕووناکی چرایەکەی سەر مێزەکە و گوتم:

– «ئەوەندە زۆرە.»

– «نە ء بۆ گەدەیەکی بەتاڵ زۆر نییە. ئەوە شتێکی چاکە، ئەمە گەدە بەتەواوی دەسووتێنێ. هیچ شتێ لەمە خراپتر نییە بۆ تۆ.»

– «زۆر باشە.»

– «ڕۆژ بەڕۆژ پیاو دادەڕزێنێ. گەدە تێکدەدا و دەست لەرزۆک دەکا، نژداریش ئەمەی پێویستە.»

– «ئاوا ڕێم نیشان دەدەی؟»

– «ئی دڵیمە. لەوە زیاتر ناخۆمەوە. ئەوە نۆش بکە. ڕۆڵە چاوەڕێی بەم زووانە نەخۆش بکەوی.»

نیو بەرداخم خواردەوە، گوێم لەدەنگێ بوو، خزمەتکارەکە بوو، لە هۆڵەکەوە هاواری کرد: «شۆربا، شۆربا ئامادەیە.»

مێجەر هاتە ژوورەوە. سەری بۆ لەقاندین و دانیشت. لە پشت مێزەکەوە زۆر بچووک دیاربوو.

مێجەر پرسی: «ئێمە هەر ئەوەندەین؟»

خزمەتکارەکە مەنجەڵی شۆربای داگرتە خوارەوە. قاپەکانمانی بەئەسکو پڕ کرد.

ڕینالدی گوتی: «هەر ئەوەندەین. تەنیا قەشەیێ نەبێ. گەر بزانێ (فیدریکو) لێرەیە ئەویش دێتە ئێرە.»

پرسیم: «ئەو لە کوێیە؟»

– «لە ڕەبیەی ژمارە ٣٠٧. لەو باوەڕەم ئێستا دێ تەلەفۆنم بۆ کردن پێیانم گوت، پێی بڵێن تۆ هاتوویتەوە.»

مێجەر لەگەڵ شۆرباکە خەریک بوو، دەم و لووتی سڕییەوە. داوی سمێڵە قیت بووەکەشی بەوردی سڕینەوە.

گوتم: «دەڵێی هەرا و بەزمی چێشتخانە کۆنەکەمان نەماوە.»

مێجەر گوتی: «بەڵێ ئیمڕۆ هێمنە.»

ڕینالدی گوتی: «من دەبمە فتنەچی.»

مێجەر گوتی: «ئێرینکۆ، هەندێ مەی بخۆرەوە.»

پەرداخەکەمی پڕ کرد. (سپاغانی)یان بۆ هێنایین. بەخواردنەوەیەوە خەریک بووین. کاتێ قەشە وەژوورکەوت سپاغانێمان تەواو کردبوو. قەشە هەمان سیمای جارانی

مابوو بچووک و ئەسمەر و تێکچەقیو بوو. هەستامە سەرپێ تەوقەم لەگەڵ کرد. دەستەکەی تری لەسەر شانم دانا.

گوتی: «هەر کە زانیم گەڕاویەتەوە، یەکسەر هاتم.»

مێجەر گوتی: «دانیشە، تۆ دواکەوتی.»

ڕینالدی گوتی: «ئێوارە باش قەشەکەمان.»

وشەی قەشەی بەئینگلیزی گوت. ئەمە خودی کاپتن بوو، پەلار و توانجی لە قەشەی دەگرت و سەگە ئینگلیزییەکی دەزانی. قەشە گوتی: «ئێوارە باش ڕینالدۆ.»

خزمەتکارەکە شۆربای بۆ هێنا، بەڵام قەشە دڵی سپاغانی دەویست. لێی پرسیم: «تۆ چۆنی؟»

گوتم: «باشم، کاروبار لە چ حاڵە؟»

ڕینالدی: «کەمێ مەی بخۆرەوە. ئەی قەشە، کەمێ مەی بۆ گەدەت بنۆشە. خۆت دەزانی ئەمە نەریتی حەزرەتی پۆلیسە.»

قەشە بەڕەوشت بەرزییەوە وەڵامی دایەوە گوتی: «بەڵێ، دەزانم.»

ڕینالدی پەرداخەکەی پڕ کردەوە و گوتی:

«ئەم قەشە پۆلیسە، سەرچاوەی هەموو ناخۆشی و ناهەمواریێکە.» قەشە سەیری کردم و زەردەخەنەیەکی گرت، توانیم لە خولقی قەشە ئەوە دەستنیشان بکەم، کە پەلار و توانجی ڕینالدی هێشتا نەگەیشتووتە ئێسقانی.

ڕینالدی بەردەوام بوو گوتی: «ئەم قەشەیە پۆلیسە، ئارەقخۆر و خوێڕییەکی بەرەڵا بوو، کاتێ سارد بووەوە گوتی: «بێ سوودە هەر کە لێیش بۆوە یاسای بۆ ئێمەی سەرگەرم دانا، ڕاست ناکەم (فریدریکۆ)؟»

مێجەر زەردەخەنەیەکی گرت. ئێمە ئێستا دەستمان بەخواردنی گۆشت کردبوو، گوتم:

– «کە شەو دادێ سێ و دوویی لە ئیشی قەشان ناکەم.»

قەشە سەری لەسەر قاپەکەی خۆی بەرزکردەوە و سەیری منی کرد و بزەیەکی هاتێ.

ڕینالدی گوتی: «سەیرکە، ئا ئەوەتا بووە لایەنگیری قەشە. کوا ئەو کۆنە برادەرە باشانەی پەلاریان لە قەشە دەدا؟ کوا (کالڤاکانتی) کوا (برۆندی)؟ (سیزار) لە کوێیە؟ خۆ بۆ من نەهاتووە هەر بەتەنیا بێ لایەنگیر پەلار لە قەشە بدەم.»

مێجەر گوتی: «قەشەیەکی باشە.»

– «قەشەیەکی باشە، هەر چۆنێ بێ ئەو قەشەیە. دەمەوێ تیپەکەمان بگەڕێنمەوە سەر جارانی پێشووی. دەمەوێ (فریدریکۆ) کەیفخۆش کەم. هەی بۆ جەهەننەم بچیت قەشە.»

مێجەر سەیری قەشەی کرد. زانیم. سەرخۆش بوو سیما لەڕ و لاوازەکەی سپی

هەڵگەڕابوو. خەتی پرچی سەری لەچاو سپیایی نێوچەوانی زۆر ڕەش بوو.

قەشە گوتی: «باوابێ، ڕینالدی، باوابێ.»

ڕینالدی: «بۆ دۆزەخ بچیت. بۆ دۆزەخ بچیت ئەم ئیشە نەفرەت لێکراوەت.»

ڕینالدی پشتی بەکورسییەکەدا.

مێجەر گوتی: «مەی کارێکی تێ کردووە، ماندووە.»

گۆشتەکەی خۆی تەواوکرد و گۆشتاوەکەشی بە لەتەنانێ سڕییەوە.

ڕینالدی بەئەوانەی سەر خوانەکەی گوت:

– «گوێم پێ ناچێ. بڕۆ دۆزەخ لەگەڵ گشت ئیشەکانت.»

قەشە گوتی: «دەبێت مۆڵەت وەربگری.»

مێجەر سەری خۆی لێ لەقاند، ڕینالدی سەیری قەشەی کرد.

گوتی: «لەو باوەڕەی کە دەبێ مۆڵەت وەربگرم؟»

قەشە گوتی:– «بە ئارەزووی خۆت بکە. گەر ئارەزووت لێیە وەری مەگرە.»

– «بۆ دۆزەخ بچیت. ئەوان دەیانەوێ لە کۆڵم بکەنەوە و لەدەست من ڕزگارت بێ. هەموو شەو هەوڵ دەدەن خۆیان لە دەستم ڕزگار بکەن لەگەڵ هەموویان بەشەڕ دێم. چ دەبێ گەر مۆڵەت وەرگرم، هەموو کەسێ مۆڵەتی هەیە. جیهان هەمووی مۆڵەت وەردەگرێ ئەمە لەلایێ» لە قسەکانی بەردەوام بوو شێوەی وانەبێژێک دەیگوتەوە: «ئەمە زیبکەیەکی بچووکە، پاشان تێبینی پەیدابوونی لیرێک لە نێوان هەردوو شانەکانتا دەکەین، دوایی هیچ شتی تر تێبینی ناکەین. لە دواییدا باوەڕمان دەخەینەوە ناو جێوە.»

مێجەری لە قسەی کرد و گوتی: «یا لەناو سالفارسانی...» ڕینالدی ئێستاکە زۆر کەیفخۆش بوو، گوتی: «دەبێ بەرهەمێکی جیوە بێ. سەرەدەرێکی لێ دەکەم، ئەی پیرە قەشەی دڵساف مەترسە، هەرگیز تووشی ئەمە نابێ، منداڵ تووشی، ئەمە ڕووداوێکی پیشەسازییە ڕووداوێکی ساکاری پیشەسازییە.»

خزمەتکارەکە شیرینی و قاوەی هێنا، ئەم شیرینیەی هێنای چەشنێ بوو. لە پەپەی نانی ڕەش ساسی پەیت. چراکە دووکەڵی دەکرد. دووکەڵی ڕەش لەناو لالەکەوە بەرز دەبووەوە.

مێجەر بەخزمەتکارەکەی گوت: «دوو مۆم بێنە ئەم چرایە ببە دەرەوە.»

خزمەتکارەکە دوو مۆمی داگیرساوی لەناو دوو ژێر پیاڵەوە هێنا، چرایەکی بردە دەرەوە و کوژاندییەوە. ڕینالدی کپ بوو. پێدەچوو تۆزێ باش بووبێ. قسەمان کرد. پاش قاوە خواردنەوە هەموومان چووینە دەرەوە بۆ هۆڵەکە چووین.

ڕینالدی گوتی: «تۆ دەتەوێ قسە لەگەڵ قەشە بکەین بەڵام من دەبێ بچم بۆ شار.

شەو شاد قەشە.»

قەشە گوتی: «شەو باش ڕینالدۆ.»

ڕینالدی گوتی: «یەکتر دەبینینەوە، فریدی؟»

گوتم: «بەڵێ، زوو وەرەوە.»

ڕووی تێکردم و لەدەرگا چووە دەرەوە، مێجەر لەگەڵ ئێمە وەستابوو. گوتی: «لەگەڵ ئیشکردن زۆر ماندووە. لەو باوەڕەدایە کە تووشی نەخۆشی ئاتەشەک بووە. من باوەڕناکەم. خۆ لەوانەشە وابێ ئەو بەداوودەرمانی ئەم نەخۆشییە چارەسەری خۆی دەکا، شەو شاد ئیرنیکۆ تۆ بەر لە گزنگدان ئۆغر دەکەی، وانییە ئیرنیکۆ؟»

– «بەڵێ.»

گوتی: «کەوابێ خواحافیز. بەختێکی باش. (پیدۆز) خەبەرت دەکاتەوە لەگەڵت دێ.»

– «خواحافیز، دەربارەی هێرشی نەمساوییەکان قسە دەکەن بەڵام من باوەڕ ناکەم، هیوادارم ئەم هێرشە نەکرێ. بەڵام هەرچۆنێ بێ لێرە نابی. (گینۆ) هەموو شتێکت پێدەڵێ، تەلەفۆنەکەش ئێستا زۆر باش کاردەکا.»

– «منیش بە ڕێکی تەلەفۆنت بۆ دەکەم.»

– «جێی خۆبەتی. شەو شاد. ڕێگەی ڕینالدی نەدەی زیاتر براندی بخواتەوە.»

– «هەوڵ دەدەم نەخواتەوە.»

– «شەو شاد قەشە.»

– «شەو شادتر، سیگنۆر مایکۆر.»

چووە نووسینگەی خۆی.

26

چوومە لای دەرگا، سەیری دەرەوەم کرد، باران نەدەباری. بەڵام تەمومژ بوو. بەقەشەم گوت: «بچینە سەرەوە؟»

– «دەتوانم کەمێک بمێنمەوە.»

– «دەبا بچینە سەرەوە.»

بەپێبلکە سەرکەوتین و چووینە ژوورەکەم. لەسەر تەختەکەی ڕینالدی پاڵکەوتم و قەشەش لەسەر تەختەکەم دانیشت. کە خزمەتکارەکەم ڕێکی خستبوو، ژوورەکە تاریک ببوو.

پرسی: «بەڕاست پێم بڵێ چۆنیت؟»

گوتم: «زۆر باشم، بەڵام ئەمشەو ماندوومە.»

– «منیش ماندوومە، بەڵام بەبێ هۆ.»

– «ئەی دەربارەی شەڕەوە چی دەڵێیت؟»

– «بەمەزندەم بەم زووانە تەواو دەبێ، نازانم لەبەرچی. بەڵام وا هەست دەکەم.»

– «چۆن وا هەست دەکەی؟»

– «خۆ دەزانی مێجەرت چۆنە؟! دڵنەرمە؟ زۆر خەڵکی تریش ئێستا وەک ئەو دڵنەرم بووینە.»

گوتم: «من ئەوە لەخۆم هەست پێدەکەم.»

قەشە گوتی: «هاوینێکی ناهەموار و ترسناک بوو.»

ئەو لەو ڕۆژەی سەفەرم کرد زۆر زیاتر لە ئێستاکە بڕوا بەخۆ و ورە بەرزتر بوو.

– «ڕەنگە باوەڕنەکەی ئەم هاوینە چ هاوینێ بووە، مەگەر هەر خۆت لێرە بوای بتزانیبایە چۆن بووە!. زۆر کەس لەم هاوینەدا لە ڕاستی ئەم شەڕە گەیشتوون، ئەو ئەفسەرانەی کە هەرگیز باوەڕم نەدەکرد لەم شەڕە بگەن، ئێستاکە تێگەیشتوون.»

– «بەڕای تۆ چ دەبێت؟»

ئەمەم گوت و چەند شەپەیەکم لە پەتۆکەی ژێرمەوە هێنا.

گوتی: «نازانم، بەڵام لەو باوەڕەم کە چیتر درێژە نەکێشێ.»

– «دەبێ چ ڕوو بدا؟»

– «شەڕ دەوەستێن.»

– «کێ؟»

– «هەردوو لا.»

گوتم: «ئاواتەخوازم وابێت.»

– «باوەڕ ناکەیت؟»

– «باوەڕ ناکەم هەردوو لا پێکڕا شەڕ ڕاگرن.»

– «خۆ منیش لەو باوەڕەم. ئەوە زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە چاوەڕوانی بووین، بەڵام پاش ئەوەی ئەو گۆڕانەم لە پیاوەکاندا بینی، لەو باوەڕەدا نەماوم کە شەڕ لەمە زیاتر بخایەنێ.»

– «کێ لە شەڕی هاوینەی ئەمساڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا؟.»

– «کەس»

گوتم: «نەمساوییەکان، بردیانەوە. ڕێگەی ئیتاڵییەکانیان نەدا چیاکانی (سان گبریل) داگیر بکەن. کەوابێ ئەوان سەرکەوتوون. ئەوانیش شەڕ ڕاناگرن.